# شارستانیەتی ئیسلامی (هزر و زانست)

قۆناغی چوارەمی گشتی

م: ساکار محمد صدیق

# شارستانیەت(الحضارە) civlazation

- لە رووی زمانەوانیەوە واتا نیشە جێ بوون و شارنشینی (الاقامة والسکن فی الحضر)(الحضر) شارنشین: (شار) (مەدنی) نیشتە جێ بوون لە ئاوەدانیدا.
- لەرووی زاراوە: بریتیی لە دەستکەوتەکانی مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو جا ئەو دەستکەوتە مادی بێت یا مەعنەوی.
- ماددی: ئەو پاشماوە و شوینەوارانە دەگرێتەوە کەوا بەرجەستەن.
- لە رووی مەعنەوییە هەموو ئەو نووسراو تۆمارانە دەگرێتەوە کەوا لەگشت بوارەکان ماونەتەوە.

- بەدەست هێنانی شارستانیەت لە رێگەی ئەو ململانیە بەدەست دێت لە نیوان مرۆڤ و ژینگەو دەورو بەرەکەی.
- بنەمای پێشکەوتنی هەر شارستانیەتێك (علم و المعرفة)یە (زانست و زانیاری) هەرکاتی زانست و زانیاری مرۆڤەکان پێشکەوت ئەوا شارستانیەت پەرە دەسەنێت.
- شارستانیتەکان پشت بەیەکتر دەبەستن و لەیەکتر وەردەگرن و تەواوکەری یەکترن، (ئیغریق)ەکان سودیان لە شارستانیەتی پێش خۆیان وەرگرتیە وەك شارستانیەتی وڵاتی نێوان دوو ڕوبار و میسری کۆن. دواتر موسلمانانیش بەشێکیان وەرگرت و پێشیان خست ، و ئەوروپیەکانیش دواتر ئەم شارستانیەتەیان وەرگرت و زیاتر پێشیان خست.
- شارستانیەتی ئیسلامی شارستانیەتێکە لە ئەنجامی ئەو کارلێك کردنانەیە کە ئەم گەلانە لە ژێر سیبەری ئیسلام ژیاون بوون بە موسلمان یان لەسەر ئایینی خۆیان بوون بەڵام لە سنووری دەوڵەتی ئیسلام ژیاوون.

# شارستانیەتی ئیسلام دوو جۆرە:

- 1- شارستانیەتی (داهێنان و درووستکردن)کە ئەمە شارستانیەتە ئیسلامیە ڕەسەنەکەیە، ئایینی ئیسلام تاکە سەرچاوەیەتی.
- 2- شارستانیەتی (زیندووکردنەوە و دۆزینەوە)کە موسلمانان بە دەستی دەهێنن لە ڕێگەی پێشخستنی بیروهۆشی مرۆڤ لە ڕێگەی تاقی کردنەوە تجاربی و شارەزایی خۆیان.
- شارستانیەتی ئیسلام بنەمای (ئایینی ئیسلامە )سەرچاوەی یەك شتە یەك ئایینە، بەڵام ئاراستەکراوە(موجهە) بۆ هەموو ئایین و شارستانیەتەکان.

# کاریگەری شارستانەتی دەرەکی بە سەر ئیسلام:

- پێکدادان و کاریگەری شارستانیەتەکان بەردەوام بووە و هەبووە ، بەڵام ئەوەی زیاتر بە دیار دەکەوێ لە سەردەمی عەباسییەوە یە بە حوکمی ئەوەی لە سەردەمی ڕاشیدەکان کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی بوون نە پڕژاونەتە سەر ئەم بوارەوە ،لە سەردەمی ئومەویەکانیش کێشە و هەڵگەڕانەوە هەبووە هەرچەند دە توانین بڵێین سەرەتای سەرهەڵدانی سەردەمی ئومەییە بەڵام لەبەر ئەوەی ئومەوییەکان دەمارگیر بوون نەیاندەهێشت ئەم کاریگەرییە دیار بێت.

- ئەوەی کە زیاتر بە دەردەکەوێت سەردەمی عەباسییە کە وەکو شۆڕشێکی هیزری وا بوو کاریگەری کردە سەر بەرەوپێش بردنی ژیانی هزری ئەدەبی ئەمەش لە ئەنجامی فراوانبوونی سنووری دەوڵەت و تێکەڵبوون لەگەڵ ڕەگەزی بییانی قوتابخانە بڵاوبویەوە و گەشەی سەند خەلیفەکانی عەباسی زیاتر بایەخیان داٚ بەم بوارە .
- کۆڕ و کۆبوونەوەی زانستی و ئەدەبیان هەبوو ڕێزی شاعیرانیان دەگرت و زێدەڕەوییان دەکرد لە بەخشینی دیاری پارە پێیان.
- بەغداد بوو بە سەنتەری زانستی و ئەدەبی ئەم سەردەمە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی خەڵک دەهاتن بۆ ئەوێ بۆ خوێندن چەندین زانا لەوێ پێگەیشتن.
- ئەبوو جعفر مەنسوور یەکێک بوو لەو خەلیفانەی کە هانی بزووتنەوەی وەرگێڕانی دا بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرگرێ لە بوار ی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پزیشکی و فەلسەفە و چەندین کتێبی گرنگ لە سەردەمی ئەودا وەرگێڕان وەک (کلیله ودمنه) و (السند والهند) .

- بەڵام ئەم پێشکەوتنە شارستانییە لە قۆناغی دووەمی عەباسیەوە بەرە بەرە بەرەو لاوازی دەچێ لە سەردەمی خەلیفە متوکیل بۆ هۆی باڵا دەستی تورکەکان و نەبوونی ئارامی و ئاسایش و کێشەی سیاسی.
- وە لە سەدەمی ڕوخانی خەلافەی عەباس بە دەستی مەغۆل کە چەندین هێرشی هێنا سەر ناوچەکان جیهانی ئیسلامی کاریگەری نەرێنی هەبوو بە سەر کزبوون و لاوازی شارستایەتی ئیسلامی کاتێ هەڵسان بە سووتاندنی چەندان کتێب و نووسراوی بەنرخ لە زۆربەی بوارەکان و لەناو بردنی بیت الحکمة کە یەکێك بوو لە گەورەترین کتێبخانەکانی ئەم سەردەمە.

# کاریگەری شارستانیەتی دەرەکی بەسەر شارستانیەتی ئیسلامی :

- شارستانیەت و ڕۆشنبیری دەرەکی هاتە نێو شارستانیەتی ئیسلام بە چەند ڕێگە و چەند جۆرێکەوە، بێ گومان پێکدادانی شارستانیەتەکان بەردەوام بووە و بەردەوام دەبێت چەند شارستانەتێك کاریگەری هەبووە لەسەر دروست بوونی ئەم شارستانیەتە.

# شارستانیەت و رۆشنبیری هندی :

- لە ڕێگەی ووڵاتی فارسەوە کە بە وڵاتی عەرەب بەسترابوەوە بۆیە بازرگانی و فتوحاتی ئیسلامی هەر لە زووەوە بۆ ئەم ناوچانە دەستی پێکرد، هەندێك دەڵێن هیندیەکان ناسراوبوونە بەوەی کە لە زانستی بیرکاری و فەلەکی و نهێنی یە پزیشکیەکان و وێنە کێشان و پیشەسازی زۆر ناسراو بوون، بۆیە لەم بوارانەدا نوسراوەکان ئەوان لە ڕێگەی وەرگێرانەوە هاتە نێو شارستانیەتی ئیسلام بە تایبەتی لە سەردەمی عەباسیەکان و بەرمەکیەکان بزووتنەوەی وەرگێران لەم ماوەیەدا گرتە ئەستۆ، چەندین دەق و نوسراوی هیندیان وەرگێرایە سەر زمانی عەرەبی بەتایبەتی لە بواری کشتوکال . و هەروەها لە بواری ئەدەب دا چەندین چیرۆك رۆمانیان وەرگێرا وەکو(السندباد) و (ملك الهند القتال)و چەند پەندێکیش.

# شارستانیەتی فارسی

- ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە بەرەوپێشبردنی شارستانیەتی ئیسلامی بە تایبەت لە ڕێگەی ئەو کەسایەتەو وەزیرە فارسانەی کە لەنێو خەلافەتدا ڕۆڵیان هەبوو لەم پێشکەوتنە شارستانی و زانستیە، کە ئەم کاریگەرییەش هەر لە سەردەمی(کیسری) هوە دەستی پێکردبوو ئەم کاریگەرە زیاتر لە سەردەمی عەبباسی بە تایبەتی کە زۆری ڕێکخستنە ئیداری کارگێڕەکان دەهێنەوە ناو حکوومەتەوە جێ بەجێ دەکەن لە دیارترین وەرگێڕیی فارسی ئەو سەردەم(عبد الله بن مقفع)

# سێیەم شارستانیەتی یۆنانی

- بە پلەی سێیەم دێت لە کاتێکردنی شارستانیەتەوە بە تایبەتی لەرووە ڕۆشنبیریەکەی لە ڕۆژانی خەلیفە هارون رشید بزووتنەوەی وەرگێڕان لە (یۆنانی) بۆ عەرەبی گەشەی سەند بنکەیەکی دامەزراند بۆ وەرگێڕان(خزانة الحکمة) چەندین کتێبی لە بواری پزیشکی لە یۆنانی وەرگێڕا بۆ عەرەبی کە(مأمون) کوڕی هات( بیت الحمکە)ی دامەزراند بوو بە پەیمانگایەک بۆ گواستنەوە وەرگێڕان وە(حنین کوڕی ئیسحاق )و کوڕەکەی (ئیسحاق)ی لەسەر ئەم بنکەیە دامەزراند و سەرپەرشتیان دەکرد
- چەندین کتێبی ناوازەی یۆنانی وەرگێردرا بەناوبانگترینیان کتێبی(التنجیم) ی (بطلیموس) کە لە لایەن(ابن بختیشوع) وەرگێڕا

# سه ره تا ئیسلام و زانست

- ئیسلام گرنگی داوه به زانست و بانگه واز ده كات بو به ده ستهینانی زانست، یه كه م فرمانی خواش كه پیغه مبه ر وه ریگرت هاندان و گه وره یی زانست بوو ، خوا ده فه رموی
- " اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ {١} خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ {٢} اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ {٣} الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ {٤} عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ "
-
- ئایه ته قورئانیه كان سه باره ت به هاندان و به رزراگرتنی زانست ،زورن، زانست و پرسی زانست له قورئاندا نزیكه ی نوسه د جار باس كراون.
- نایه تیكی قورئان سه باره ت ( وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ) هه روه ها (وَالطُّورِ وَكِتَابٍ مَّسْطُورٍ ).
- خوای گه وره چه ندین ئایه تی سه باره ت به زانایان هیناوه كه ریزیان به رز راده گری. له وانه( يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ )هه روه ها (وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْماً)

- چه ندين فه رمووده ی پيغه مبه ر ﷺ سه باره ت به گرنگی زانست و مه عريفه هاتوون وهك ده فه رمويت (زانست بخوازن هه ر له بيشكه وه تا ناو گور)
- چه ندين فه رمووده ی تری پيروز هه ن له و باره وه قورئان و پيغه مبه ريش وه ته نها زانستيان بو پياوان دانه ناوه به لكو نافره تيش و منداليش به شدارن بی دياريكردنی ته مه ده فه رمويت( طلب العلم فريضة على كل مسلم ومسلمة)

زانستخوازی لای عه ره ب له پیش ئیسلامدا سنوردار بوو ده گیرنه وه ژماره ی ئه و قوره یشیانه ی ده یانتوانی بخویننه وه و بنوسن نزیکه ی حه ڤده پیاو بوون، پیغه مبه ر له سه ره تای بانگه وازه که یدا وه سیه تی کرد به زانست خوازی له خویندنگه یه کی ئیسلامیدا کاتی بو هه ر دیلیکی جه نگی به در مه رجی ئه وه ی دانا ده مندالی موسلمان فیری خویندنه وه و نووسین بکات به رامبه ر ئازاد کردنی .

- رینماییه کانی پیغه مبه ر سه باره ت به هاندانی زانستخوازی به رهه مه که ی ده رکه وت و له ناو هاوه له یه که مینه کاندا فیقهناس و بو کو کردنه وه و نووسینه وه ی قورئان فه رمووده ناس و موفه سیر ده ر که وتن که پیغه مبه ر پشتی پی ده به ستن .

# پالنه ره کانی گرنگیدانی موسلمانان به زانست:

- ١ - هاندانی ئیسلام بو زانستخوازی له ریی قورئانی پیروزو فه رمووده کانی پیغه مبه ر .
- 2 - بلاوبوونه وه ی ئیسلام و فیر کردنی زانسته کانی ئایینی ئیسلام بو که سانی تر پیویستی هه یه به زانستی نووسین و خویندنه وه ته نانه ت پیغه مبه ر رینمایی زه یدی کوری سابتی کرد تا فیری نووسینی جوولەکه ببی چونکه پیغه مبه ر و لییان دلنیا نه بوو.
- 3- دوای سه قامگیری کارگیری له ده وله تی ئیسلامیدا برێ پیشه ده رکه وتن که ئه وه یان دهخواست که سی کارمه ندی نه و بواره نووسین و خویندنّه وه بزانی
- 4- چه ندین خه لیفه و فه رمانره وای موسلمان به شدار بوون له هاندانی ژیانی زانستی له ریی به خشینی سامان به زانایان و بنیادنانی خویندنگه و په یمانگه و کتیبخانه و دامه زراوه ی تری زانستی و فیرکاری
- 5- ئه و ئازادی بیروورایه ی که ئیسلام بانگه وازی بو ده کرد، هه روه ها بانگه وازی ئیسلام بو ئازادکردنی عه قل له کوته کان تا بروانیته بوون و دوور له نه ریت و به ها به میرات به جیماوه کان بیری لي بکاته

# دامه زراوه فيركاريه كانى ناو ده وله تى ئيسلامى

- مالٌ: رۆلێكى سه ره كى هه بوو له چاندنى ريبازى په روه رده ى ئيسلاميدا كه جه ختى ده كرده وه سه ر بروابوون به خواو پيغه مبه ره كانى و خورازاندنه وه به ئاكارو ره وشته بالأكان له ئه نديشه ى مندالدا هه ر له سه ره تاى ژيانيه وه موسلمانان په يوه ستن به وه رگرتنى رينماييه كانى ئيسلام و گرنگيدان به رولى خيزان له په روه رده ى مندال هه ر له پيش له دايكبوونيه وه، چونكه ئيسلام جه خت ده كاته وه سه ر گرنگيدا هه‌لبژاردنى خيزانى چاكى باوه ردار تا له گه ل پياويكى چاكدا ،بى كاتى مندال بو يه كه م جار دنيا ده بينى وشه ى (الله) ده بيستى دواتر جوانترين ناوى بو هه لده بژيردرى ئيسلام سووره له سه ر ئه‌وه ى خيزان رولى هه بى له په روه رده كردنى مندال له سه ر سيفه ته چاك و بالأكان

# خویندنگە کان:

- کونترین مە لبە ندی فیرکاری لای عە رە ب بە مە بوو، عە رە بە کان لە پیش ئیسلامدا خویندنگە یان هە بوو تا مندالە کانیان فیری خویندنە وە و نووسین بکە ن بە لام ئەمە لە چوارچیوە یە کی سنورداردا بوو و تە نها بو مندالانی کە سە ناودارە دە ولە مە ندە کان بوو
- دوو جور خویندنگە هە بوون یە کە میان مندال تیایدا فیری نووسین و خویندنە وە دە بوو زور جار کە سانی زیمی فیرکاریە کە یان لە ئە ستو دە گرت.
- جوری دووە میش تیایدا مندال فیری قورئان و ئایین دە بوو و بە و شوینە ش دە وترا (الکتاب). لە سە رە تای ئیسلامدا خویندنگە دە رنە کە وت چونکە مندالان لە گە ل گە ورە کاندا لە کورو بازنە کانی ناو مزگە وتیاندا دادە نیشتن هە روە ك هە ندیکیان لە باوك و کە سانی نزیکیانە وە قورئان فیر دە بوون.

- له سەدە یەکەمینەکانی کوچیدا پایە ی خویندنگە زۆر باڵا بوو چونکە بە سەرەتای فیر بوون دادە نرا.
- ئیمامی شافیعی دە گیریتە وە (من) لە مالی دایکمدا بووم و هەتیوو بووم دایکم نارد می بۆ خویندنگە کاتی لەویَ قورئانم تەواو کرد چوومە مزگە وت بۆ وەرگرتنی زانست و وەرگرتنی رینمایی زیاتر لە روشنبیری ئایینیدا
- ژمارە یە ك لە ماموستایان و خویندنگە كان ناوبانگیان دەرکرد حە جاجی کوری یوسفی سەقەفی لە خویندنگە یە کدا ماموستا بوو و مندالانی فیر دە کرد و لە بریدا نانیکیان پیدە دا
- لە کاتیکدا عبدالله کوری حە رە س بی و درگرتنی هیچ پاداشتی مندالانی فیر دە کرد

- خویندنگە کان بەپێی گە ورە یی و بچووکی جیاواز بوون، یاقوتی حە مە وی لە معجم الأدباء ) دا باس دە کات خویندنگە کە ی (ابو قاسمی بەلخی) هە زار خویندکاری تیدا بوو زۆر فراوان بووە و بە رگە ی لە خۆگرتنی ئەو ژمارە ی هە بووە.
- ژمارە ی خویندنگە کان لە سە دە ی دووە می کوچیدا زۆر بوو تا ئەو رادەیەی هە موو گوندێك خویندنگە یە کی هە بوو
- بریارو کە رە ستە کانی فیرکاری لە خویندنگە کانی جیهانی ئیسلامیدا یە ك نە بوون بە لکو بە پیتی ناوچە کان جیاواز بوون
- بە لام دە بوو قورئانی پیروزو فە رمووده و هەندێ حوکمی ئایینی و شیعر و بنە ماکانی حساب و بیرکاری و هەندێ بنە رە تی زمانی عە رە بی بخوێنن.
- ئەمە لە پال فیر کردنی نووسین و خویندنە وە و خوشنووسیدا کە ماموستای تایبە تیان هە بوو مندالآن بو نووسین تە ختە یان بە کاردە هینا
- لە روژئاوای ئیسلامیدا فیر کردن تە نها بو قورئانی پیروز بوو لە ئەندە لوس قورئان شیعرو فە رموودە و خوشنووسی و زانستی لە خودە گرت.

- . ماوه ی مانه وه ی مندال له خویندنگه دا پینج یان شه ش سال بوو.
- زیاتر سه ره تاکه ی له ته مه نی پینج یان شه ش سالیه وه بوو له و ماوه دا مندال هه موو یان بریکی قورئانی له به ر ده کرد کاتی ماوه ی خویندنی ته واو ده بوو و قورئانی له به رده کرد مامۆستا تاقیده کرده وه تا لیی دلنیابێ.
- هه لسوکه وتی مامۆستا موسلمانەکان لەگەڵ خویندکارەکانیان دادپەروەرانه و یه کسانی نواندن بوو بی جیاوازی کردن له نیوانیاندا هه ژاری و هه تیوی به ربه ستی ریی خویندن نه بوون و که سه هه ژاره کان ده رفه تیان هه بوو بو فیر بوون و قورئان له به رکردن مندالان به هه ژارو ده وله مه نده وه له پال یه کدا بوون و حه زی فیربوون کوی ده کردنه وه.

- موحته سيب چاودیری خویندنگەکانی ده کرد :
- مه رجی ئه خلاقی و کومه لایه تی و زانستی بو ماموستاکان دانا بوو
- وه ك ئەوه ی مامۆستا هاوسه رگیری کردبی و قسه کردنی پاراو بی و ئاییندار و ژیر بی و قورئانی له به ربی و شاره زای جوری قیرائەکان بی و چاکه کار بی و توانای فیر کردنی قورئان و فه رمووده و خوشنووسی و ره وشت فیر کردنی هه بی
- هه روه ك کەسی په روه رده کار ده بی له گه ل مندالان نه رمونیان بی و سووره ته کورته کانیان فیر بکات دوای ئەوه ی پیته کانیان به جوانی فیر ده کات و له سه ر خراپه ی ره وشت و قسه ی خراپ لیدانیان بکات .

# کۆشکەکان

- ئەمە بۆ فێرکاری خیزانە تایبە تە کان بوو، خە لیفە و سە رکردە و دە ولە مە ندە کان مامۆستای تایبە تیان دە گرت بو مندالەکانیان تا بچن بو کوشکە کانیان یان بۆ مالەکانیان مندالآن لە بە ردە میاندا دادە نیشتن و بڕێ لە روشنبیری و مە عریفە یان لێ و ردە گرتن باوکەکان لە دیاریکردنی فیرکاری منداڵەکانیاندا بە شدار بوون
- بە مامۆستاکان دە وترا (المؤدب) هە ندیکیان لە و کوشکانە دا دە ژیان و شوینی تایبە تی نیشتە جی بوون و مانە وە یان بو دادە نرا تا سە رپە رشی پە روە ردە ی مندالە کانیان بکە ن.

- خه لیفه کان په روه رده ی مندالە کانیان ده دایه دوست ماموستایان بی نه وه ی ده ست وه ریده نه کاروباریان ئەحمەری نه حەوی ده لیت هارونه ره شید ناردی به شوینمدا بو په روه رده ی موحه مه د ئه مینی کوری کاتی چووم بو لای وتی ئه میری باوه رداران نازی گیان و به رهه می دلی خۆی ده داته ده ستت تۆش ده ستت به سه ریدا کراوه بی و ده بی گویرایه لت بی ئەمیری باوه ر داران چونه ئاوابه له گه لیدا قورئانی پی بخوینه و فیری فه رموودی بکه و شیعر و کتیبه کانی فه رمووده ی پی بلی شوینی قسه کردنی پی نیشان بده و په روه رده ی بکه ریگری لی بکه ناوه خت پی بکه نی فیری بکه زانایانی به نی هاشم به گه وره سه یر بکات کاتی هاتن بو لای, کاتێ سه رکرده کان چوونه کۆڕی ئەو کوره به رز راگری، هه رچی کاتی هه یه فیری شتیکی به سوودی بکه بی ئه وه ی ده رفه تی بده یت، زور له گه لی لیبووردە و نه رم مه به تا فیری به تالی نه بی تا نه توانی به نزیکبوونه وه و نه رمی راستی بکه ره وه و دروستی بکه ئەگه ر ئەوه چاره ی نه کرد توندی و ره قی بو به کاربهینه

# مزگەوتەکان

- مزگه وته کان به مه لبه ندی یه که می روشنبیری دادەنرێن بو خۆیندنی زانسته ئیسلامیەکان و زمانی عه ره بی
- مزگه وتی پیغه مبه ر له قوبا یه که م مه لبه ندی روشنبیری بوو له ئیسلامدا که زانیاری و مه عریفه ی لی ده رکه وت پیغه مبه ر تیایدا داده نیشت و بواره کانی ئایین و دنیای فیری هاوه لانی ده کرد.
- دواتر موسلمانان له هه ر شاری مزگه وتیکیان دروست ده کرد مینبه ره کان له ناوچه جیاجیاکاندا به رز ده رده که و تن مزگه وت ته نها شوینی په رستش نه بوو به لکو شوینی بوو بۆ خویندن و دادگایه ك بوو بو دادوه رو پیگه یه ك بوو بۆ ئاراسته ی رووه و جیهاد و .... هتد.

- ده گیرنەوە هەندی هاوەڵ لە مزگە وتی قوبا لە سە ردە می پیغە مبە ردا وانە یان وتووە تە وە ، نە بو عوسمانی کوری رە بیعە بازنە یە کی فیرکاری لە و مزگە وتە دا هە بوو.
- دواتر چە ند مزگە وتیکی تر لە ناوچە کاني تر بە و شیوە دروست کران، لە و شوینانە ی کە موسلمانە کان فە تحیان دە کردن دیارترینیان مزگە وتی بە سرە و مزگە وتی کووفە و مزگە وتی عە مری کوری عاص لە فستات. هە روە ك لە دیمە شق و بە غداد و شارە کانی تر مزگە وت دروست کران.
- سیستمی فیرکاری کە لە مزگە وتە کاندا دە گیرایە بە ر سیستمی ئە لقە فیرکاریە کان یان ئەڵقە زانستیەکان .
- مامۆستا لە نزیك دیوار یان پایە ی مزگە وتدا دادە نیشت و لە دە وریدا خویندکارە کانی لە شیوە ی بازنە پیدا دادە نیشتن و چیيان وە ردە گرت دە یاننوسیە وە زیاتر لە بازنە کان مشتومری نیوان ماموستا و خویندکارە کانی بە خووە دە دی.
- جار هە بوو بە پیی راجیاییە کە خویندکارە کان لە مامۆستاکانیان دوور دە کە وتنە وە وە ك ئە وە ی لە بازنە کە ی حە سە نی بە سری لە مزگە وتی بە سرە روویدا کاتی عە تای کوری واصل کە ناری لی گرت و دە ستە ی موعتە زیلە ش بە و رووداوە دە ستی پیکرد.
- لە مزگە وتی عە مری کوری عاص لە فستات زیاتر لە چل بازنە ی خویندن هە بوون کە خویندکاران بو فیربوون و تویژینە وە لە وی بوون لە وانە بازنە کە ی ئیمامی شافیعی
- لە نیوە ی سە دە ی چوارە می کوچیدا بازنە کانی سە دو دە بازنە بوون کە هە ندیکیان تایبە ت بوون بە ژنان
- دواتر سیستمی مولە ت دان دە رکە وت بروانامە ی بالا بە و پیيە ی خویندکار دوای مؤلە تە کە کتییە کانی ماموستا کە ی بە کاردە هینا و دە یتوانی گیرانە وە ی لیوە بگیریتە

- وه مزگەوتی ئومەوی له دیمه شق به سه رسورمانیکی دنیا داده نریت ولیدی کوری عبدالملك  خه راجی حه وت سالی ده وله تی ئیسلامی خه رج کرد بو دروست کردنی ئەو مزگه وته ئەلقه ی وانه خویندنی تیدا بوو
- مزگه وتیکی ناوداری عه بباسی مزگه وتی مه نسور بوو له به غدادی روژئاوایی که ابو جعفی المنصور بنیادی ناو تیایدا خه تیبی به غدادی هه بوو
- مزگه وتی مه هدی له ره سافه که ئیمامی ئه حمه دی کوری حه نبه لی تیدا بوو
- بازنه کانی خویندن ته نها زانسته ئایینیه کانی نه ده گرته وه به لکو زانسته کانی زمان و بوو. پزیشکی و زانستی تری له خوده گرت

- ئاافره ت له وانه خویندنی بازنه کانی مزگه وته کاندا رولی هه بوو، کتیبه کانی میژوو ناوی ده یان ئافره تی فه رمووده ناسیان هیناوه له وانه ئوم ده ردای سوغرا که له ئه بو ده رداو سه لمانی فارسی و فوزاله ی کوری عوبه یده و ئه بو هوره یره و که عبی کوری عاصم و که سانیکی تره وه فه رمووده ی گیراوه ته وه عه بدولمه لیکی کوری مه روان زورجار له مزگه وتی دیمه شق داده نیشت و گوییی له و ئافره ته ده گرت.
- هه روه ها زه ینه بی کچی ئه حمه دی کوری عه بدوره حیمی مه قدیسی (ت٧٤٠ك) که وانه ی صه حیحی موسلیمی ده وته وه . ئیبن بطوطەی گه شتیار له مزگه وتی به نی ئومه ییه له دیمه شق گوییی له وانه ی ئەو ئافرەته گرتووه.

- مزگەوتەكان خەزینە كتێبی جوراو جۆریان هە بوو بو بابەتە جیاجیاكان تا لەویَ خوێندنە وە و نووسین و لە بە رگرتنە وە ئە نجام بدە ن بزاڤی وەرگێران و نووسین و پیشکە وتنی پیشە سازی پە رە كە لە بە غداد گە شە ی سە ند و لە ویوە چوو بو ناوچە كانی تری ولات هاریكاری ئەو خە زینانە بوون زور لە زانایان كتێبە كانیان وە قفی ئەو مزگەوتانە دە كردن لە وانە
- ئیبن جە زلە ی تە بیبی بە غدادی (ت ٤٩٣ك / ١٠٩٩ز) كە لە مە شهە دی ئیمام ئەبو حەنیفە دا كتێبە كانی وە قف كرد یاقوتی حە مە وی بە غدادی (ت) ٦٢٦ك) كتێبە كانی وە قف كرد بۆ مزگە وتی زە یدی لە بە غدادی روژهە لات.

# خویندنگەکان

- کاتی بازنه زانستیه کان له مزگه وته کاندا زور فراوان بوون و بیزاری و ناره حه تییان دروستکرد بو هه ندی له نویژ خوینان که گوییان ده نگی مشتومری به رزو گه رمی ناو مزگه وتی ده بیست
- له مەوه له مزگه وته کانه وه گوازرایه وه بۆ خویندنگه کان له گه ل فراوانبوونی بازنه ی زانستدا ده بوو شوینی تایبه ت و له بار دیاری بکری بو ماموستا و خویندکاران تا ده رفه تی فراوانتریان هه بی بۆ مشتومر و تویژینه وه و گفتوگو
- ماموستایان که وتنه پیشه کردنی خویندن و ئەوه شیان له خویندنگه کاندا به دیگرد که له سه رده مینیستاماندا زانکوگان ها و شیوه ی ئەوانه ن

- دیارترین هیماکانی خویندنگە کان هۆلە کانی خویندن یان هەیوان بوو، خویندنگە کان شوینی نیشتە جی بوونی خویندکارو ماموستایانیان لە خودە گرت.
- مزگە وتیان تیدابوو بۆ نوێژ، کتیبخانەیان تیدا بوو کە ماموستا و خویندکاران سودیان لێ وەردە گرت، ئەمە ویرای بە شە کانی تری وە ك حە مام و هولی خواردن و .... هتد. زورجار دە ولە ت سە رپە رشتی ئەو خویندنگانە ی دە کرد و گرنگی دە دا بە خویندن و پارمە تی مامۆستا لیهاتووە کانی دە کردو خویندنی دە کرد بە خورایی بو هە ر کە سی حەز بە خویندن بکات بە لکو زوربە ی خویندنگە کان مووچە یان بۆ خویندکارە هە ژارە کان دانابوو خویندنگە کان لە سە ردە می هاوە لاندا نە بوون بە لکو لە کوتایی سە دە ی چوارە می کوچیدا دامە زران.

ده گێرنەوه یه كه م خویندنگه وەقف كرا بۆ  فیقهەكان( دارعلم) سابوری كوری ئەرده شیر بوو كه له سالی ٣٨٣/ 993 ز له به غدادی روژوا دروستی كرد

هه روه ك خه لكی نیساپوور چه ند خویندنگه یه كیان دروست كردن له وانه خویندنگه ی ئەبوو به كری به یهه قی (ت ٤٥٨)

- . به لام به واتای هونه ری خویندنگه نیزامیه كان بوون كه دامه زران و وه زیری سه لجووقی نیزامولولك (ت ٤٨٥ك) له به غداد و به سره و موصل دروستی كردن پالنه ری دروست كردنی ئه مانه ش مه زهه بی و سیاسی بوو دژایه تی فاتیمیه كان له میسر دوای ئەوه ی له سه رده می ئەواندا جامیعەی ئەزهه ر ده ركه وت له رووی سیاسیشه وه نیز ا مو لمولك ئەمەی كرد بو سه رخستنی خیلافه تی عه بباسی .

- 1- خوێندنگەی امام ابو حەنیفە 459ك
- 2- خوێندنگەی نیزامیە 457ك
- 3- خوێندنگەی کەمالی 556ك
- 4- خوێندنگەی مستنصریە 625ك
- لە وڵاتی شام
- - خویندنگەی صلاحی لە حەلەب، اسدی، عادلی، امجدی.
- خویندنگەی نووری لە دیمشق
- لە مصر
- خویندنگەی ناصریە، صلاحیە، صالحیە، کاملیە ، ئەم خویندنگانە لەلایەن ئەیوبیوەکان دروستکراون
- - زاهریە، منصوریە، مەحمودیە ، جەمالیە، لەلایەن مەمالیکەکان دامەزرا.

# کۆڕە زانستیەکان:

- کۆڕە زانستیەکان لە مالی زاناکاندا دەبەستران و بەشیکی مالەکانیان بۆ ئەوە تایبە ت دەکرد و تێایدا زانستخوازان کۆدەبوونە وە بۆ مشتومری پرس و باسە زانستی و گرنگە کان و هەرکامیان رای خوی لە سە ر دە ردە بری و چارە سە ری بۆدادەنا.
- هە روە ك خە لیفە کان چە ند شوینێکی تایبەتیان لە کۆشکە کانیاندا تایبە ت دە کرد بو بەستنی ئەو کۆرانەی کە بە کۆربە ندی زانایان و فە یلە سوف و ئە دیبانی ئەوکات دادە نراو لە سە ر مە سە لە تایبەتیە کان و باسە کانی تر مشتومریان هە بوو زۆریێ لە خەلیفە کان لەو کۆرانە دا بەشدارییان دە کرد و لە زور مە سە لە ی بە ر باسدا رای خویان نیشان دە دا.

- هه ندی خه لیفه ئەو کۆرانەیان دەقۆسته وه بۆ بەهێز کردنی دەسەلاتیان، خەلیفه مەنسور بۆ بەهێز کردنی پایەکانی ده وله ته که ی پشتی به ست به زانا و فیقهناسان و له خۆی نزیك کردنه وه و سوودی لێ وەرگرتن دیارترینیان ئیمامی ئەبو حەنیفه و ئیمامی مالیك
- ـ خه لیفه مه هدی زور حه زی له زانست بوو و ریزی زاناو زانستخوازانی ده گرت و له خوی نزیك ده کردنه وه
- له سه رده می هارون ره شید دا بواره کانی زانست پیشکه وتن. ئیتر له سه رده می ئەودا به غداد بوو به رووگه ی خویندکارانی جیهان زانایان له هه موو به شەکانەوه دەهاتن بۆ ئەوەی چونکه خه لیفه هاندەر و ده ستگرۆیان بوو.

- له سه رده مى مأموندا ژيانى عه قلى بەهەموو لایەکانیه وه پيشكه وت چونكه مأمون حەزى له زانست بوو و خه لكى زاناو زانستخوازى له خوى نزيك ده كرده وه و مووچه و ديارى بو تايبه ت ده كردن له سه رده مى ئه و دا چه ندين پيشه واى گه وره ى پايه و بناغه ى نووسين ده ركه وتن كه هه زار كتيبيان له بواره جور به جوره كانى زانستدا بو كتيبخانه ى ئيسلامى جيهيشت.
- له سه رده مى ئه ودا بزاقى وه رگيراو گه يشته لووتكه و له به يتولحيكمه دا گه وهه رى زانستى كو كرده وه خودى مأمونيش دوور نه بوو له تويژينه وه و مشتومر و موعتەزیلەکان توانييان ئه و حه زه ى به مشتومرى فه لسه فه ى يه كخواپه رستى بوروژينن ئەويش بـوو بــه هه لگرى مه زهه به كه يان و بير دوزه ى ئه وانى په يره و كرد و كورو به ندى بو ده به ست.

- له سه رده می لیکهه‌لوه‌شانی ده وله تی عه بباسیدا چالاکی ئه‌ده‌بی و زانستی هه ر گه شاوه بوو و لیکهه لوه شانی سیاسی کاری نه کرده سه ری هه رچه نده هه ندی به ش و ناوچه سه ربه خویی خویان له پایته خت راگه یاند
- مه‌حمودی کوری سه‌به‌کتکین و باوکیشی حه زیان به زانست و هاوده می زانایان بوو تا ئه‌وه ی له روژانی مه حمودا غه زنه بوو به رووگه ی زانایان و زانستخوازان کوشکه که‌ی مۆلگه ی زانا و فه یله سوفان بوو دیارترینیان زانا بیرونی و شاعیر فیرده وسی بوو.

- خه لیفه و سه رکرده و سولتانه کان زانایانییان هانده دان و ریزیان لی ده نان و گرنگییان ده دا به کتیب و خه لاتی نووسه رانیان ده کرد
- ده گیر نه وه معتضدبالله گرنگی داوه به زانایان و روزی بو داناون.
- ئه میر عه لی کوری موحه ممه دی کوری عه ماری به رپرسی ته رابلوس له شام له سالی ٤٧٢ کوچیدا یه که م دار حیکمه ی بو فیقهی شیعی دانا
- نوره دینی کوری مه حمودی کوری زه نگی خویندنگه ی بو ئه هلی سوننه دامه زراند و زانایانی بو بانگهیشت کرد.
- زوری له و کورانه لای فاتیمییه کان و پاشایانی ئەندە لوسیش هه بوون خه لیفه و سولتان و سه رکرده کان خویان به پاریزه رو سه رپه رشتی زانست و روشنبیری داده نا ئەرکیان بوو زانایان هان بده ن و پیناوه کانی حه سانه وه و که شی زانستییان بو دابین بکه ن تا له پیشخستنی زانستی ئوممەتی ئیسلامدا بەشدار بن.

# ریبات و زاویە کان

- سە رە تا وشە ی ریبات بو سە ر سنوری ئیسلامی بە کار دە هات کە تیایدا موجاهیدان سە نگە ریان دە گرت دواتر بە و شوینە ش دە وترا کە تیایدا صوفیە کان دادە نیشتن بو پە رستش دواتر بوو بە شوینی پە ککە وتە و فیقهناسە ناموکان و هە ندی جار شوینی گە ورە زاناکانیش بوو دواتر وە ك پیگە ی مە عریفە ی لیهات کە خزمە تی روشنبیری و ئایینی پیشکە ش دە کرد وە ك ئاموزگاری و قورئان خویندن و فە رموودە و فە توادان و پیدانی مولە تی زانستی و کتیب و نووسین ئە وە ی هاریکاری ئەمە بوو ئە وانە ی وە قفیان دە کرد کتیبخانە یان بو دادە مە زراندن و کتیبیان بو دە برد و کە سیان دادە نا بو ریکخستنی تا لە خزمە ت زانایاندا بی.

- زاناكان له وی كتيبيان ده خوينده وه و له به ريان ده گرتنه وه و كتيبيان ده نووسی له‌وێشدا بوونی كتيبخانه ی گه وره و شوينی زور مانه‌وه‌يان هاريكاريان بوو بويه ده بينين زوربه ی كتيبه كانی ته سه وف له و شوينانه دا نووسراون چونكه كۆری زاهيد و سوفيه كان بوو، هه ندی فه يله سوف و زانا و ئه‌ديبيش له وی كتيبيان ده نووسی
- وه ك كتيبی الفصول والغاباتی موعه ری
- كتيبی (الفنون) ی ئه‌بولوه فا عه لی كوری عوقه يلی به غدادی (ت ٥١٣)
- كتيبی (عوارف المعارفی شيخ شه ها به دينی شاره زووری (ت ٦٣٢) گه وره پيشره وانی فيقهناس و زانايان ده رده كه وتن و له گه ل خويندنگه كان كيبر كييان ده كرد و گه وره زانا و فيقهناسه كان پيشره و و سه رپه رشتياری بوون

# کتێبخانه کان له ده وله تی ئیسلامیدا

- موسلمانان به رده وام سه رقال بوون به خویندنه وه و نووسین و گرنگیدان به زانست چونکه قورئان و سوننه ت هانده ری زانست و به رزراگرتنی زانایان بوون، له ئه نجامی بلاوبوونه وه ی بزوتنه وه ی نووسین و وه رگیران و تۆماری ناو جیهانی ئیسلامی و بلاوبوونه وه ی نووسه ره وه و له به رگره وه کان و له به ر ئاسانی خویندنه وه و ریخوشکردن بو خوازیارانی تایبه ت ئه وانه یان توانای کتیب کرینیان نه بوو له به ر دانسقه یی و گرانیه که ی ئه مانه هانده ری زانست بوون خه لیفه و زاناو ده وله مه ندو وه زیرو سه رکرده کان خیرا ده که وتنه دامه زراندنی کتیبخانه کان ئه مانه ش چه ندین جوریان هه بوو گرنگترینیان بريتي بوون له کتیبخانه ی گشتی کتیبخانه ی تایبه ت کتیبخانه ی پزیشکی کتیبخانه ی مزگه وت کتیبخانه ی خویندنگه ... هتد).

- کتێبخانه گشتیه کان:
- ئه م جۆرەی کتێبخانەکان له هه موو شاره ئیسلامیه کاندا بلاو بوونه وه، خه لیفه و سه رکرده و ده وله مه ند و زاناکان له سه ر دامه زراندنی ئەم جوره کتێبخانانەی کێبرکێیان ده کرد بینای جوانیان بو دروست ده کرا تا پیشوازی له زانایان و خوینه ران بکه ن ژووری جوراو جورو فراوانیان له خوده گرت
- ره فه ی کتیبه کان به دیواره وه بوو تا کتیبیان له سه ر دابنری هه ندی ژوور تایبه ت بوون به خویندنه وه، هه ندی بو له به رگرتنه وه هه ندی بو کور و دانیشتن هه روه ك کتێبخانه کان بنه ره تی گه وره یان هه بوو و فه رش ریژ ده کران تا تیایدا خوینه ران دابنیشن .
- مقریزی له کتیبه که یدا (الخطط) له و باره وه ده لیت ( دار و لحیکمه له قاهیره دەرگاکانی بو جەماوه ر نه کرایه وه تا فه رش ریژ کرا و رازینرایه وه و له سه ر هه موو دەرگاکانی په رده دانراو خزمه تگوزارو کارمه ندی تایبه ت به خزمەتکردنی کتێبخانەی بو دانرا )

- کتیبه کان له سه ر ره فه کان به نووسینی ناوی کتیب و ناوی نووسەر له سه ر لاکانی لاپه ره کان ریکده خران و پیرستی ریکخراویان به پیی بابه ته کانی کتیبه کان له خوده گرت.
- کتیبه کان له بری دو لایدا ده پاریزران که هه ر کامیان له لایه کیه وه په ره یه کی پیوه بوو که ناوی کتیبه کانی له خوده گرت ڕی ده د را به پیی بری مه رجی توند کتیبه کان به کاتی ببرینه ده ره وه، زورجار وەرگره که زه مانه تی داده نا زانایان نه و مه رجدیان له سه ر نه بوو وه ك ریزگرتن و ئاسانکاری کردن بویان یاقوتی حه مه وی وه سفی سه رپه رشتیارانی کتیبخانه کانی شاری مه رو ده کات که رییان پیداوه بی دانانی زه مانه ت دوو سه د به رگ بباته ده ره وه به کاتی

- کتێبخانە گشتیە کان بە وردی پیکدە خران و کارمە ندی تایبە تیان هە بوو کە بە ریوە یان دە بردن و خزمە تگوزاریان پیشکە ش دە کرد و بە سە ردانکە رانی،
- لە وانە : خە زنە دارو و وەرگیر و لە بە رگرە وە و بە رگ تیگرو وە رگر خە زنە دار ئە میندارى کتێبخانە بوو زاناو پایە دارى سە ردە می خوى بوو و سە رپە رشتى لایە نى زانستى و کارگیرى کتێبخانە ى دە کرد و ئە رکە کە ى هینانى کتێبى نوى بوو تیبینى وردى پیرستى کتێبە کان و جوان ریکخستنى دە کرد و کارى بو خوینە ران ئاسان دە کرد. خە زنە دار روشنبیریە کى بالاى هە بوو، دیارترینیان سە هلى کورى هارون و میژوو نووسى گە ورە ئیبن مە سکە و یە بوون.

- موسلمانان هه ستیان کرد بوو به گرنگی بوونی به شی بلاوکردنه وه و له به رگرتنه وه له کتیبخانه دا بویه له به رگره وه یان بو کتیبخانه کان داده نا که به جوان نووسی ناسرابوون هه روه ها به رگ تیگران هه بوون که بو پاراستنی کتیب له دران و فه وتان به رگیان له کتیب ده گرت.
- ئه مه لای خه لکی عیراق و ئه نده لوس گرنگیه کی زوری پیده درا. هونه ری به رگ تیگرتن په ره ی سه ند تا رازاندنه وه و زه خره فه ی بو ده رکه وت
- که سانی هه بوون خوینه رانیان رینموونی ده کردن بو شوینی کتیبه کان و کتیبه کانیان ده هینان بو ژووری خویندنه وه به مانه ده وترا (الخدم) چونکه خزمه تی خوینه رانیان ده کرد به لام جیا ده کرانه وه له (الفراشین) خزمه تگوزاران که کتیبخانه یان پاک ده کرده وه .

- کتێبخانە کان بوودجە ی تایبە تی خۆیان هە بوو بۆ پێویستیەکانی کتێبخانە و مووچەی کارمەندان ئەمە ش لە لایە ن دە ولە ت یان وە قفە وە یان لە لایە ن زانا و دە ولە مە ندانی دامەزرینە ریە وە دابین دە کرا
- کتێبخانە کانی بە غداد گەیشتنە سی (٣٠) کتێبخانە شارە کانی ئە ندە لوس و شام و باکووری ئە فریقیا کتێبخانە ی گشتی زوریان لە خودە گرت.
- لە دیارترین کتێبخانە گشتیە کان بریتی بوون لە بە یتولحیکمە لە بە غداد بە یتولحیکمە ی توونسی دارو لحیکمە لە قاهیرە کتێبخانە ی قورتوبە

# بيت الحيكمه له بەغداد:

- خه ليفه هارونه ره شيدا دايمه زراند و خه ليفه مەئمونی کوری کتێبی زۆری بۆ برد و بيناکەشی فراوان کرد به يتو لحيکمه له به غداد به يه که م کتيبخانه ی زۆر گرنگی ناو مێژوو ئيسلامی داده نريت له سه رده می مأموندا تيايدا هه لبژارده ی زانايان و ئه ديبان له وی بوون و زانستخوازان ده چوون ۆ ئەوەی کتيبخانەيەکی فراوانی له خۆده گرت که تيايدا کتيبه کان ريکخرابوون و شوينی دانيشتن بۆ خوێندنه وه هه بوو و سه رپه رشتياری هه بوو ژوورو ده سته ی تايبه تی وه رگيران و له به رگرتنه وه يان هه بوو مأمون دەستەيەکی زانستی نارد بو قوستەنتينيه که بەرپرسی به يتولحيکمه ی له خۆ دەگرت تا کتيبه پزيشکی و فه لسەفيه يونانيەکان بهێنن فەرمانی به وەرگێرەکانی کرد وەريان بگيرن لەبەر گروەکانيش چەندين نوسخەيان لەو نوسينانه دەنووسيەوه به رامبەر به خه ليفه يان زانا و ده وله مه ندان بری تايبه ت پاره يان پيده دا.

- مأمون سەهلی كوری هارونی وەزیری خوی كرد به سەرپەرشتیاری كتیبخانه كه له به ر گرنگییه كه ی خه لاتی فه رمانره و او سه ركرده كان كه كتیب و ده ستنووسی دانسقه ی له خوده گرت له به ر خو نزيك كردنه وه له خه ليفه كتيبخانه ى ده وله مه ند ده كرد.
- هەروەك مأمون كۆگایەكی كتیبی یونانی له دوورگه ی قوبروس به ده ستهینا كاتی له گه ل خه لكی ئەوی ئاگربەستی بەست و ریككەوتنی له گه ل فه رمانره واكه یدا نووسی، مأمون زور چاوی له وه بوو ئەو كتیبانەی ده ست بكه وی و سه هلی كوری هارونیشی كرد به خه زنه داری را
- دیاره دوای سه رده می متوكل به یتولحیكمه پشتگوی خراوه هه روه ك جه نگ و ئاژاوه كانی نیوان موعته زو موسته عين كاریگه ری هه بوو دواتر ویرانی و تالانی تووش بوو له كاتی شالاوی مه غولیدا كه خه زینه كانی ویران بوون و به داخه وه زوربه ی زوری كتیبه كانی فه وتان

# بيت الحيكمەی توونسی

- له سه رده مى ئەمير ئيبراهيمى دووه مى ئەغلبى نويەم خه ليفه ى ئەغلەبى له تونس له شارى رەقاده له نزيك قه يرەوان دامه زراو له سه ر شيوه ى به يتو لحيكمه ى به غداد داينا پشتى ده بەست به زانايانى به غداد و كتيبه كانيان زاناو نووسه ران و نووسينه كانى له عيراق و ميسرو شامه وه ده برد بۆ ئەوى
- ئيبراهيمى ئەغلەبى هه موو سالى دوو بالويزى ده نارد بو به غداد بو نويكردنه وه ى هه واداری بو خه ليفه ى عه بباسى و گرنگيدان به كتيبى ناوازه و راكيشانى زانايانى تايبه تمه ند له عيراقه وه كاتى ئيبراهيمى مرد عه بدولاى دووەمى كورى به يتو لحيكمه ى چالاكتر كردو زياده الله ى سييەميش سوور بوو له سه ر راكيشانى زانايان له به غداد و فستاته وه تـــا لـه بيت الحيكمه ى توونسى ميوانداريیان بكات له سه رده مى ئەمدا هه ندى كتيب له لاتينيه وه وه رگير درانه سه ر زمانى عه ره بى
-
- كاتي له سالى ٢٩٦ / ٩٠٩ ز. دا فاتيميه كان ده ستيانگرت به سه ر ئەو كتيبخانه دا بوو به بنەرەتى بو كتيبخانه گه وره كه يان له قاهيره تا ئه وه ى سه لاحه دينى ئه يوبى دواى له ناوبردنى ده ولـه تى فاتيمى فه رمانى كرد به ويرانكردنى

# دارالحیکمە لە قاهیرە

- لە سە ردە می حاکم بأمراللە فاتیمی لە سالی ٣٩٥ ك / ١٠٠٤ ز دا دروستکرا و ناونرا دارالحیکمە وە ك لاسایی کردنە وە ی بە یتولحیکمە ی بە غداد و بە یتولحیکمە ی توونس
- کتیبخانە یە کی گشتی بوو کە خوینە رو لەبەرگرەوە و تویژەری لە خودەگرت و لە خەزینەکانی کوشکە کانی فاتیمیە وە لە هە موو بوارە کانی زانستدا کتیبي بودە برا یە کی لە میژوونووسە کان دە گیریتە وە ئە و کتیبخانە یە بە شیوە یە کی بیوینە کتیبی بو براوە حاکم بأمراللە هە موو پیویستی پینوس و مە رە کە ب و پە رە ی بو نووسە رە وان دابین کرد خزمە تگوزارو سە رپە رشتیار و کە سانی تری بو داناو تا خزمە تی کتیبخانە بکە ن و وە قفی زوریشی بو تایبە ت کرد تیایدا هە بوو سە رقالی پزیشکی و مە نتیق و ئە ستیرە ناسی بوو

- حاكم فه رمانی كرد ده رگای كراوه بی بر هه ركه س سوود وه ربگری له گه وهه ره زانستیه كه ی تیایدا مشتومر و گفتوگو ده به سترا كه تیایدا كه شی زانستی ده بوژایه وه حاكم خوی هه ندی جار له مشتومره زانستیه كاندا ئاماده ده بوو و له كوتایی هه ر كوریكدا به رگ و خه لاتی پیشكه ش ده كرد به زانایانی به شداربوو.
- دارو لحیكمه بەردەوام كارا بوو تا صه لاحه دینی ئه یووبی رووخاندی و له شوینیدا له سالی ٥٦٧ ك / ١١٧١ ز خویندنگه یه كی دامه زراند بو مه زهه بی شافیعی

# کتیبخانه ی قورتوبه

- خه لیفه ی ئومه وی یه که م مستنصر له سالی ۳۵۰ك. له قورتو به دایمه زراند و گرنگیه کی زوری پیدا له به رئه وه ی زور حه زی به زانست بووه و ریزی زانایانی ده گرت له ولاتانی ئیسلامی وه کیلی هه بوو که به رهه می نووسنی زانا موسلمانه کانیان بو ده برد سامانی خه رج ده کرد له پیناو هینانی کتیب بۆ ئەندەلوس موسته نسیر کارمه ندی تایبه تی دانا بو کتیبخانه که تا گرنگی پیبده ن نووسه ره وه و که سانی لیهاتووی نوسین و خوشنوسی بو کو کرده وه و ژماره یه کی زوری به رگ تیگری بو دامه زراند، کتیبه کانی به جوانی ریکخران زیاد له چوار سه د هه زار کتیبی له خوده گرت که له چل و چوار پیرستدا تومار ،کرابوون هه رکامیان بیست لاپه ره ده بوو که ناوی کتیبه کانی له خوده گرت.

- کتیبخانه ی قورتوبه به رده وام له ئەندەلوس جیی روانینی زانایان و زانستخوازان بوو.ئەوروپیەکان بو وه رگرتنی زانیاری لیی ده چوون ۆ ئەوی سەرەنجامی ئه م کتیبخانه یه زور دلگران بوو کاتی مه نسوری کوری ئه بو عامر که فه رمانره وایی ئه نده لوسی ده کرد کتیبه کانی فه لسه فه ی لیده ر کردو له مه یدانی کتیبه گرانبه هاکان تالان کران. کاتی ئیسپانیه کان ده ستیان گرت به سه ر قورتو به دا له یه ك روژدا نزیکه ی حه فتا خەزینەیان سووتاند که زیاد له یه ك ملیون و په نجا هه زار کتیبی له خوده گرت.

# کتێبخانەی حەیدەریە لە شاری نەجەف

- لە عیراق دروست کراو بە حە یدە ریە ناسرا لە بە ر ناوی حە یدە ر کە ناوی خە لیفە علی کوری أبو تالیبە، ئەو کتێبخانە یە تا ئەمروش ماوە.

# کتیبخانە تایبە تیە کان(کتیبخانەکانی زانایان )

- ئەمە ئەو کتیبخانانەی ئەو زانایانە بوون کە توانای کرین و گرنگیدان بە کتیبیان هە بوو لە مالی خویاندا، هە رچە ندە ئە م کتیبخانانە تایبە ت بوون بە کە سانیکی دیاری کراوە وە کە سامانی خویان خە رج دە کرد بو دامە زراندن و سوود وە رگرتن لە زانستە کانیان بە لام هاوکات سوور بوون لە سە ر ئەوە ی بو بە رژە وە ندی گشتی و لە خزمە ت زانستخوازان و تویژە راندا بی، بە کورتی باسی گرنگترین ئە و کتیبخانانە دە کە ین

# کتێبخانه ی عه لی کوری یه حیای مونجم (ت ٢٧٥ك):

- جۆرەها نووسینی له خوده گرت و تویژه رو خویندکار سوودیان لی وه رده گرت و خەلکی له هه موو ناوچەیەکه وه ده چوون بو ئەوی تا تیایدا بمیننه وه و شاره زای بواره کانی زانست
- یاقوتی حەمەوی باس له وه ده کات ئه بوو مه عشه ری مونجم له خوراسانه وه هات بو حه ج ده چوو که وه سفی کتێبخانه که ی مونجمی بو کرا چوو سه یری کرد و سه رسامی بوو، له وی مایه وه و حه جی دواخست و له وی که وته وه رگرتنی زانستی ئه ستیره ناسی و تیایدا روچوو تا سه ری له ملهوری ده رچوو.

# کتێبخانەی فه تحی کوری خاقان:

- فه تح یه کی بوو له وانه ی ناسرابوو به خوشه ویستی بو زانست و گرنگیدان به کتیب و خویندنه وه ده وتری کاتی ده چوویه کوری موته وه کیل و موته وه کیل ده چوو بو کاری پیویست فه تح له قوله که یدا یان له گویره و یه که یدا کتێبیکی ده رده کرد و ده یخوینده وه تا موته وه کیل ده گه رایه وه.
- فه تحی کوری خاقان عه لی کوری یه حیای راسپارد تا کتیب کوبکاته وه بو کتیبخانه که ی ئه ویش زیاد له وانه ی فه تح کریبوونی کتیبه کانی خوی بو برد ئه وه ش له و کوگا سه رسورهینه رانه ی کتیب بود که نموونه ی نه بوو ره وانبیژان و زانایانی به سره و کووفه له وی ئاماده ده بوون تا له سالی ٢٤٧ك. فه تح که له گه ل موته وه کیل بوو له موته وه کیلیه کوژرا.

# کتیبخانه ی ئیبن سوار له به سره

- ئه بوو عه لی کوری سورای نووسه ری یه کی له پیاوانی عضدالدوله بوەیهی دایمه زراند که زور حه زی له زانست بوو و پیوه ی سه رقال ده بوو، تیایدا له پال کتیبه کاندا وانه ش ده خوینر او ماموستایه ك هه بوو وانه ی مه زهه بی موعته زیله ی ده وته وه

# کتیبخانه ی سابوری کوری ئه رده شیر

- وه زیر سابوری کوری ئەردەشیر له که رخ له سالی ۳۸۳ك. له سه رده می بوەیهیەکاندا دایمه زراند و کتیبیکی زوری بو برد و پیرستی دانا بویان زیاتر له ده هه زار کتیبی له خوده گرت و بوو به مه لبه ندیکی گرنگی روشنبیری که تیایدا زانایان بو خویندنه وه و گفتوگوی زانستی به یه ك ده گه یشتن
- أبو العلاء مه عه ری زور ده چوو بو ئه وی له سه رده می سه لجوقیه کاندا ئەم کتیبخانەیه سوتا.

# کتێبخانه ی قازی ئه بولموترف :

دادوه ری جه ماعه بوو له قوتوربه (ت ٤٠٢ك) ئەم کتێبخانه ی دامه زراند و تیایدا بێ شومار کتێبی له بواره جۆر به جۆرەکاندا کۆکردەوه به هەر نرخی بووایه کتێبی دەکری به کاتی کتێبی نەدەدا به کەس ئەگه ر کەسی سوور بووایه له سه ر وه رگرتنی کاتی کتێب کتێبه که ی ده دا به له به رگره وه یه ك و نوسخه یه کی ده دا بەو که سه.

دوای مردنی خه لکی قوتوربه له سه ر ئەوه رێککەوتن کتێبخانەکه بفروشری و یەك سال کاتی برد و چل هەزار دینار نرخی کتێبەکانی بوو.

# کتێبخانه پزیشکیه کان

- موسلمانان گرنگی زوریان ده دا به پزیشکی و چاودیری نه خوش و دابین کردنی شوینی پیویست بو چاره سه رکردنی نه خوش و خه سته خانه ی زوریان دروست کرد که له ناویاندا کتیبخانه ی گه وره هه بوو چونکه نه خوشخانه ته نها بــو چاره سه ر کردن نه بوو به لکو بو فیر کردنی خویندکاران بوو به وه وانه ی کرده یی و نه زه ریش له نه خوشخانه دا ده خوینرا.
-
- نه خوشخانه کان کتیبخانه ی تایبه تیان هه بوو له وانه نه خوشخانه ی عه زدی که کتیبخانه یه کی گه وره ی له خوده گرت که سه رچاوه یه کی بنه ره تی بوو بو خویندکاران
- هه روه ها نه خوشخانه ی نوری له دیمه شق که نوره دین زه نگی دایمه زراند که ده سه لاتی به شیکی عیراق و سوریاو میسری له ده ست بوو أبو المجدی کوری ابو الحه‌که‌می پزیشکی ت ٥٧٠ك له سه ر دانا ئه‌ویش ده چوو بو لای نه خوشه کان و دواتر ده گه رایه وه بۆخویندنه وه و سه رپه رشتی کتیبه پزیشکیه کان خویندکاران تویژینه وه ی پزیشکییان ئه‌نجام ده دا.
-

- هه ندی کتیبخانەی ناو نه خوشخانه کان زور گه وره بوون، باس ده کری ژماره ی کتیبخانه کانی نه خوشخانه ی قلاوون له قاهیره نزیکه ی سه د هه زار کتیب بوون
- پزیشکه موسلمانه کان گرنگییان ده دا به کۆکردنه وه ی کتیب و کتیبخانه ی تایبه تیان لی دروست ده کردن له وانه ابن ریزوانی پزیشک که چه ندین کتیبی هه بوو
- هه روه ك ابن خواری پزیشکی ناسراوی دیمه شقی ژمارەیەکی زۆری کتیبی پزیشکی هه بوو که خوی یان که سانی تر بویان نووسیبوونه وه

# له بواری زمانه‌وانی و ئه‌ده‌بدا

- رۆژئاوایی یه‌کان زۆر کاریگر بوون به ئه‌ده‌بی عه‌ره‌بی ئه‌وه بوو ئه‌ده‌بیاتی سوارچاکی و حه‌ماسه‌ت و مه جاز و خه یالاته به‌رز و ناوازه‌كان چوونه ناو ئه‌ده‌بیاتی روژئاواوه، به تایبه تی لی رێی ئه‌نده‌لوسه‌وه، له نموونه ی نه و کاریگه‌رییانه (بوکاشیو) له سالی 1349ز دا چیروکه کانی که ناویان (الصباحات العشر) بوو نووسی له سه‌ر شیوازی (ألف ليلة وليلة) که له مه وه (شکسپیر) بابه تی شانوگه ری یه که ی (عیبره ت له سه ره نجامدایه )وه‌رگرت.
- (شوسر)ی را به ری شیعری نوێ زورترین وه‌رگره له (بوکاشیو) وه، کاتیك له ئیتالیا بینی یه کسه ر دوای ئه‌مه کومه‌له چیروکه‌که‌ی (چیرۆکه کانی کانته‌ربه‌ری) دانا،( دانتێ)ش زوریك له ره خنه گران له و باوه ره دان که له کتیبه که ی دا کومیدیای خودایی که وه سفی گه‌شته‌که ی ده کات بو دونیاکه ی تر کاریگه ربووه به (نامه ی لیخوشبوونی) (المعري) و (وه سفی به هه شت)ی( ئیبن عه ره بی).

# تویژینه وه مرۆییه کان (کۆمەلایەتیەکان)

- **١ - زانستی میژوو:**
- میژوو له رووی زمانه وانیه وه واتای زانینی کاته، میژوو زانستیکه به دوای رووداوەکانی رابردوو و کاتیاندا ده گەری.
- عەرەب له پیش نیسلامیدا روشنبیریه کی سه رزاره کی میژووییان هه بوو که نەوه دوای نەوه بەیەکیان دەگەیاند و هەندێ رووداوی گرنگیشیان ده کرده سه ره تای میژوویان وه ك بنیادنانی کەعبه و سالی فیل
- هه روهك عەرەبەکان رووداوەکانی هوزەکانی خویان ده گیرایه وه و ناویان دهنا (أيام العرب) کومەلێ گیرانەوەی کومەلەکی سه رزارەکی بوون که نووسه ریان نیه هه ندی جار به شیعر ده وتران ئەمانه زور و ناسراون و زوربه یان ناوی شوینی رووداوەکه یان له خۆگرتووه وەك روژی زی قار، جه نگی به سووس و ... هند.

- عه ره به كان زور گرنگییان ده دا به رەچەڵەك چونكه سيستمى كومەلايەتییان لەسەر خیلایەتي دامه زرابوو. كه راستی و پوختی ره گه ز یه كیده خست ره گه زناسان زنجیره و ریزبه ندی رەچەڵەكی هوزەكان و لقه رەچەڵەكیەكانیان بۆ تومار كردوين.
- له دوای ئیسلامیش گرنگیدان به رەچەڵەك زیادی كرد به تایبه ت كاتی عومه ری كوری خەتتاب دیوانەكانی دەولەتی تازه كرده وه له وانه دیوانی سه ربازی بو دابه شكردنی دستكەوتەكان به سەر فەتحخوازاندا كه له سه ر بنەمای رەچەڵەكی خیلایەتی بوو.
- 
- بلاوبوونه وه ی خیرای نیسلام به شدار بوو له گه شه پیدانی هوشیاری میژوویی موسلمانانندا.
- 
- له قورئانی پیروز دا چه ندین به سەرهات و ئاماژه ی گەلانی پیشوو و پیغەمبەرانی پیشوو هاتووه بویه زانایانی موسلمان سوور بوون له سه ر زانینی به سه رهات و باسی ئەو گه لانه
- هه روه ك دوای بزاڤی فتوحات شاره زای میژووی گه لانی دراوسێیان بوون ئەمەش كاری كرده سەر روشنبیری میژوویيان

- گرنگی پێدانی عەرەب بۆ مێژوو لە دوای ئیسلام دەرکەوت، بەڵام ئەو قۆناغەی پێش ئیسلام بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت. زەمینەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی زانستی مێژوو و نووسینی مێژوویی لە دواتر.
- گرنگیدانیان بۆ مێژوو پێش ئیسلام لەڕێگەی خولیای بیستنی گێڕانەوەی زارەکییەوە بووە و کاتێک موسڵمانان ویستوویانە لەسەر ئەو قۆناغەی پێش ئیسلام بنووسن ئەفسانە هاتوونەتە ناویەوە و هەربۆیە هەندێکیان لەبەرچاو ناگیرێن لە کاتی ریوایەتی مێژووی.
- تێبینی ئەوەش دەکریت ئەو ئەفسانانەی کە لەسەر سەردەمی پێش ئیسلام نووسراون، شێواوی و تێکەڵ بە چیرۆک و ئەفسانە بوون و هۆکاری ئەمەش بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری بووە لە نێو عەرەبەکانی پێش ئیسلامدا.
- هەرچەندە نووسینی مێژوویی بە مانا ڕاستەقینەکەی نەبووە، بەڵام هەندێک لێکۆڵینەوە پشتڕاستی دەکەنەوە کە عەرەب دوور نەبووە لە مێژوو، هەندێک کۆمەڵ مێژووی خۆیان هەبووە، چ نووسراو یان نەخشێنراو، یان زارەکی، هەروەها تۆماری هەندێ پاشاکان یان هۆزەکانی یەمەن بوونیان هەبووە و هتد..

هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەتوانین مێژووی سەردەمی پێش ئیسلام بە چوار سەرچاوە کورت بکەینەوە: (الایام، الانساب، النقوش، و تۆماری هەندێک نەتەوەی دراوسێی عەرەب).

- الایام و ریوایەتەبە کۆمەلەکان سەبارەت بە ململانێی خێڵەکی، لە شێوەی بەخشان دەگێڕدرێتەوە چیرۆکەکان کە لەگەڵ شیعردا تێکەڵ بوون، زیندوویی و کاریگەرییەکی گەورەیان پێدەبەخشێت.
- (الانساب)نەسەبناسی چییە؟، لە مێژووی خۆیاندا عەرەبی پێش ئیسلام پشتیان بە گێڕانەوەی زارەکی بەستووە، کە زنجیرەیەک ناوە کە پێویستی کۆمەڵایەتی خێڵەکی بۆ ئاشنابوون و جیاکردنەوە وای خواستوە بۆ نەوەکانی داهاتوویان بگێڕدرێتەوە.

- النقوش سەبارەت بە نەقشەکان، هەندێک لە کۆمەڵگە شارنشینە نیشتەجێبووەکان هەندێک نووسین و نەقشیان بەجێهێشتووە. وەک نەقشی امرء القیس کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 328ی زایینی، هەندێ نووسراوی یەمەنی هەیە کە بە خەتی المسند لەسەر هەندێک بینا و دیوار هەڵکەندراوە، باس لە هەندێک کردەوەی ئایینی و هەواڵی هەندێک پاشا و کاروباری گشتی کراوە.هەموو... لەمەوە هەندێک هەست بە گرنگی مێژوویی و هەستێکی مێژوویی بۆ تۆمارکردن نیشان دەدات.
- پاشان تۆماری گەلانی دراوسێی عەرەب دێن، کە کۆمەڵە هەواڵێکە دەربارەی پاشاکانی باشووری نیمچە دوورگەکە کە لە سەرچاوەی مەسیحی بە ڕەچەڵەک سریانی یان بیزەنتینەوە هاتوونەتە لای موسڵمانان و پەیوەندییان لەگەڵ عەرەبەکاندا هەبووە.
- بەم شێوەیە ئێمە بەو ئەنجامە دەگەن کە سەردەمی پێش ئیسلام مێژوویەکی نووسراوی بە مانا ڕاستەقینەی مێژوو بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو حالەتێکی ڕۆشەنگەری خاڵی بوو لە هیچ ڕوانگەیەکی مێژوویی، خۆی دەبینەوەوە لە (الایام، و الانساب،) بە تایبەت لە ناوەندی نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، نقوش لە ناوچەکانی باشوور و باکووری نیمچە دورگەی عەرەب، و اخباری پاشاکانی الحیرەی نەصرانی لە کلێساکانیان.
-

# هۆکارەکانی تۆمارکردنی مێژوو لە نێو موسڵماناندا دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

- هە ولی یە کە م گیرەوەکان کە ڕووداوەکانیان دەگیرانە وە و تۆمار دەکردن هەر لەسەردەمی پیش ئیسلامدا و ڕابردووی گە لانی لە ناو چووی نیشتەجێی نیمچە دوورگە ی عە رە بییان وەردە گرت
- گرنگیدان بە کۆکردنەوەی هەواڵی ژیاننامەی پێغەمبەر(ص) لە لەدایک بوونی ،پاشان کۆچکردنی بۆ شاری مەدینە،و مێژووی مەغازیەکانی، کۆچی دوای کردنی .
- هەروەها زانایان بایەخیان بە فەرمووده و کردەوەکانی پێغەمبەر دەدا بۆ ئەوەی ببنە مایەی یاسادانان و ڕێکخستن بۆ کاروباری ژیان و لە فەتحەکانیدا، تا ئەو ڕادەیە ببێتە مایەی شانازی بۆ موسڵمانان بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان و هۆکارێکی گرنگە لە دیاریکردنی بەخشین لە دیوانی بیت المال.
- زانینی مێژووی ئەو گەلانەی ڕابردوو کە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراون.

- فراوانکردنی ڕووبەری وڵاتانی ئیسلامی و دوو هێند بوونی بارگرانییەکانی ئیدارەدانی، کە هانی خەلیفەکانی دەدا بۆ خوێندنەوەی هەواڵی گەلانی تر و سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانیان لە ڕێکخستنەوەی کاروباری حکومەت و شێوازەکانی کۆکردنەوە و پاراستن داهات، و بەڕێوەبردنی جەنگەکان و پیلانەکانیان.
- ئیسلام لەناو خۆیدا بیرۆکەیەکی مێژوویی هەڵگرتووە، و باوەڕی ئیسلامیش ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی لەگەڵ ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەدا هەیە، هەروەها ئەو ڕووداوانەی کە لە سەرەتای دروستبوونەوە تا ڕۆژی قیامەت بەسەر مرۆڤدا ڕوودەدەن، فەرمانێکی خودایە. ئیسلام هەموو مرۆڤایەتی کردە یەک یەکە، بۆ هەموو مرۆڤەکان هاتووە، هەموو ڕووداو و کردارەکانیش بۆ مرۆڤ گرنگییەکی ئایینییان هەیە و بە شێوەیەکی چارەنووسساز بەستراوەتەوە بەوەوە.
- قورئانی پیرۆز: قورئانی پیرۆز بە تێڕوانینێکی هەمەلایەنە بۆ مێژوو هات، کە یەک لە دوای یەک پێغەمبەرەکان هاتوون، بەو پێیەی بنەمای پەیامەکە یەکە و سەرچاوەکەی یەکە، بەڵام لەلایەن چەند پێغەمبەرێکەوە بانگەشەی بۆ کراوە، موسڵمانان پێویستیان پێ بوو لێکدانەوەیەک بۆ ئایەتەکانی قورئان و هۆکاری دابەزینی ئایەتەکان لیکبدەنەوە، بۆیە مفەسیرەکان گرنگیان بە گەران و کۆکردنەوەی مێژووی دا لێکدانەوە بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بکەن

- . گرنگیدان هەندێ خەلیفە و سەرکرد و فەرمانرەوا بە میژوو تا میژووی عەرەبە کۆنەکان و گە لانی داراوسێیان بزانن، دە گێرنەوە موعاویە میژووی عەروب و ژیاننامەی پاشایانی فارس و رومی دە خویندە وە لە ڕێی هەندێ خزمەتگوزارە وە کە ئەرکیان خویندنەوەی ئەو میژووە بوو بۆی لە کتیبە کانی بە ردە ستیاندا بە مە میژووی گە لانی دراوسێ پیش تؤماری میژووی فتوحاتی ئیسلامی تومارکرا، ئومەویە کان بەوەیان دەوت(علم اخبار الماضيين) (زانستی هموالي پيشينان)، هە روە ك زاهير بيبرس ناسرا بوو بە حە ز کردنی میژوو.
- دەرکەوتنی دەستەیەك لە گەورە میژوونووسی موسلمان کە بە وردی دە یانکۆلیەوە لە رابردووی ئومەتی ئیسلامی و لیکولینە وە یە کی مە نهە جی بی دستکە وتی مادديان دە کرد.

# سەرەتای تۆمارکردنی مێژوویی:

- هۆکارەکانی پێشوو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر گرنگی پێدانی موسڵمانان بۆ زانستی مێژوو هەبوو، کە لە سەردەمی ڕەشیدونەوە تۆمارکدنی میژوو چالاك بووە، لەوێشەوە دەستیان کرد بە گرنگی دان بە تۆمارکردنی نەسەبی عەرەبەکان لە ماوەی سەردەمی خەلیفە عومەر بن خەتاب کە لیژنەیەکی دامەزراند بۆ تۆمارکردنی نەسەبی عەرەبەکان بە پشتبەستن بەو ناوانەی لە دیوان تۆمارکراون، لەکاتێکدا هەندێک پێیان وایە یەکەم تۆمارکردنی مێژوویی لە سەردەمی ئومەوییەکان و لە سەردەمی خەلیفە معاویە بووە بن ئەبی سوفیان بووە.

# شێوەو ڕێبازی نووسینەوەی مێژوویی لای موسلمانان

- تۆماری مێژوویی لای موسلمانان دوو شیواز دە ر کە وتن:
- شیوازی فە رموودە ناسان کە بە روونی مێژووی ژیانی پیغە مبە ردا دە رکە وت کە لە مە دینە سە ریەڵداو تیایدا بە پوختی باسەکان دەهاتن و ناوی گێرەرەوەکە ش باس دە کرا.
- شیودی دووە م شیوازی ئەخاریەکان بوو کە وێنەیەکی تەواوی رووداوە مێژووییەکانی دە بەخشی و وردە کاری و گیرانە وە ی شیعرو وتاری لە خودە گرت مە لبە ندە کە ی کووفە بوو، لە دیارترینیان أبو موخنف ئەزدی (ت ۱۵۷) عوانە ی کوری حەکەمی کە لبی (ت ۱٤۷ك) سەیفی کوری عومە ری کووفی (۱۰۸) مە دائینی (ت ۲۲٥) کە بە گرنگترین ئەخباریەکان دادە نری چونکە زیاد لە هە مووان پشتی دە بە ست بە سە نە دو لە رە خنە گرتن و پوختکردنە وە و ریکخستنی گیرانە وە کاندا پیرە وی فە رموودە ناسی دە گرتە بە ر
- لە سە رە تای سە ردە می عە بباسیدا هە ردوو شیوازەکە گیرانەبەر و مێژوونووسان هەردووشیوەکەیان کۆدەکردەوە

# گرنگترین ریبازی نوسینەوەی میژووی لای موسلمانان:

- کتیبەکانی ژیاننامە و غە زاکانی پیغە مبە ر :
- گرنگیدانی موسلمانان بە فە رمایشت و کرداری پیغە مبە ر و بۆ ڕێنموی لێ وەرگرتنی و پشت پێ بەستنی لە تە شریعی ئیسلامی و سیستمی کارگیریدا پالنەری نووسەران بوو تا لە سە ر ژیان و غە زاکانی پیغە مبە ر ﷺ کتیب بنووسن، ئەمە ئەو جەنگ و غەزایانە بوون کە خودی پیغەمبە ر تیایاندا بە شدار بوو، دە کری گیرەوەکانی ژیاننامە و کتیبەکانیان بە پێی پیشرەوی کاتی بو سێ دەستە دابەش بکەین.
- 1- لە دیارترین کە سە کانی ئیبانی کوری عوسمانی کوری عە ففان (١٠٥) کە لە دوای خویە وە برێ نووسینی جێهیشت کە باسی ژیانی پیغە مبە ریان لە خودە گرت
- عروەی کوری زوبیری کوری عەوام ت (٩٢) کتێبی (الغازي النبوية) ی دەدرێتەپال، بەلام ئەو کتێبەمان پێ نەگەیشتووە، ئیبن ئیسحاق و واقیدی لە وە وە دە قیان گیراوە تە وە ، شە رحە بیلی کوری سە عد (ت) ١٢٣).

- له پیاوانی چینی دووه م موحه ممه دی کوری موسلیمی کوری شه هابی زوهری (م124) که به گه وره ترین میژوونووسی غه زا و ژیاننامه ی پیغه‌مبه‌ر و داده‌نرێت
- چینی سێیه‌م له دیارترین که سه کانی موحه ممه دی کوری ئیسحاق (ت١٥٠ ) که کۆنترین کتێبی ژیاننامه‌ی پیغه‌مبه‌ر گه یشتبیته لامان ده دریته وه پال ئه‌و موحه‌ممه‌دی کوری عومه‌ری واقیدی (ت ٢٠٧) که پیش هه مووان که وتووه له به ر وردی گیرانه‌وه‌کانی و ورده کاری و به هێزی شیوازی

# کتیبەکانی(الطبقات):

- له سه ره تاوه روشنبیری میژوویی ئیسلامی کیتێبی (الطبقات) و ژیاننامه پیویستیەکانی پەیوەست به تۆماری میژووی هه بوو،ئەمه وایکرد بروانننه سەنەدی فورموودەکان و باری گیره وه کان
- چینەکان له چەندین بواردا دەرکەوتن لەوانه کتیبەکانی (چینەکانی فەرموودەناسان) و (چینه کانی شاعیران) و (چینه کانی نه حویەکان) (چینه کانی پزیشکه کان)
- له دیارترین کتییه کان له م باره وه کتیبی (الطبقات الکبری) زوهری (ت٢٣٠ ك)
- و (طبقات الصحابة) واقیدی (ت٢٠٧) که له چه ند بەشیکدا بوو ژیاننامەکانی نزیکه ی سێ هەزار که سی هینابوو به ئەلقه ی په یوه ندی نیوان زانستی فەرمووده و گیرانەوەی میژوویی داده نری
- ( طبقات الشعراء)ی موحه ممه دی کوری سه لامی جرمه حی (ت ٢٣٢)
- (طبقات الأطباء) ی ئه حمه دی کوری أبو ئوصبوعه (ت ٦٦٨ك) و ... هتد.

# کتيبه کانى ژياننامه :(التراجم)

**ئەمه چه ند دانراوێکن که ژيانى که سانى ناسراو ده خه نه روو که سيفه تى ناوبانگ له بوارى تايبه تمه ندى خوياندا کۆيان ده کاته وه و به شيوه يه کى ئينسکلوپيديايى هيناويانه زانا و ئه ديب و سه ر کرده و خه ليفه و که سانى تر له خو ده گرى ناودارترينى نه و دانراوانه (معجم الأدباء ى ياقووتى حه مه وى ت ٦٢٦ك) (أسد الغابة في معرفة الصحابة)ى ابن الاثير، وفيات الأعيان)ى ابن خه له كان (ت ٦٨١) نه مه له ناودارترين و چاكترين کتيبه کانى لەو بواره له رووى توند و تولى و ريكخستنه وه (فوات الوفيات)ى ابن شاكر كتبى (ت٧٦٤ك) (الوافي بالوفيات)ى الصفدى (ت ٧٦٤ك).**

- کتێبی ژیاننامە و بیرەوەری( السیرة الذاتیة والمذکرات): زۆرێک لە نووسەرانی کۆن و نوێ کتێبیان لەسەر ژیاننامەی کەسیی خۆیان یان ژیاننامەی بنەماڵەکانیان نووسیوە، ئەم کتێبانە لە سەردەمی ئیسلامەوە دەرکەوتوون، بەڵام زۆربەیان نەماون.
- ڕەنگە بیرەوەریەکان ڕۆژانە یان هەفتانە بنووسرێن، بەو پێیەی لە ڕووی کات و شوێنەوە لە نزیکەوە زانیاری نووسراون.
- سەبارەت بە یادەوەریەکان، ئەو زانیاریانەن کە نووسەرەکەیان لەبارەی ڕووداوەکانەوە بە شێوەی بیرهێنانەوە نووسیویانە بە دڵنیاییەوە تووشی لەبیرکردن بوون.
- بیرەوەری و یادەوەری و یاداشتنامەکان لە هەندێک لایەنەوە جیاوازن لە کتێبی ژیاننامەی کەسی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دووەمیان بە تەواوی تایبەتە بە کەسەکە، لە کاتێکدا یەکەمیان زانیاری لەسەر ڕووداوەکانی هاوچەرخەکانی و بەشێک لەو زانیاریانە لەخۆدەگرێت پەیوەندی بە نووسەرەکەیەوە هەیە.
- ژیاننامەکان هەمەجۆرن بەپێی نووسەرەکانیان جیاواز بوون و پاڵنەرەکانی نووسینیان لە یەکەوە بۆ یەکتر جیاواز بوون. هەندێکیان وەک ئیبن سینا ئامانجیان خستنەڕووی فەلسەفەکەیە، لەسەدەی شەشەمی کۆچی شاعر عمارەی الیمنی یادەوەریەکانی نوسیوەتەوە لە کتێبەکەی بەناوی(النکت العصریه في اخبار الوزراء المصریه) ئەم ناونیشانەش فریودەرانەیە چونکە هیچ گاڵتە و باسی وەزیرەکانی تێدانیە بەڵکو ژیانامەیەکی خودی یە تیشك دەخاتە سەر نەهامەتی ژیانی خۆی کە لەسەردەمی روخانی دەولەتی فاتمی و سەرهەڵدانی دەولەتی ئەیوبی ژیاوە خۆشی بۆتە قوربانی بیروباوەری مەزهەبی ئیسماعیلی

- ئەوەی تێبینی دەکرێت  زۆربەی ژیاننامەنووسەکان ئەوەی نووسیویانە بۆبەهای خوودی نیە، بەڵکو ئامانجیان سوودی گشتی و بەهای مێژووییە.
- زۆر جار گەورەی دەسەلاتدار وکاریگەری لەسەر میژوو بەدەرکەوێت لە زۆری ژمارەی ژیاننامەکەی لەلایەن هاوچەرخەکانی ( محمودی الغزنوی، صلاح الدین الایوبی....)
- هەندێك جارمێژوونوس کاتێك پۆستێکی فەرمی هەبووە زۆر جار نوسینەکانی سیفەتی یادەوەری وەردەگرێت. ابن شداد راشکاوانە ئەم راستیەی خستۆتە روو لە باسی صلاح الدین ئەیوبی" وكان الله قد أوقع في قلبي محبته منذ رأيته وحبه الجهاد فأحببته لذلك وخدمته من تاريخ مستهل جمادى الأولى سنة أربع وثمانين وهو يوم دخوله الساحل وجميع ما حكيته قبل إنما هو روايتي عمن أثق به ممن شاهده، ومن هذا التاريخ ما سطرت إلا ما شاهدته أو أخبرني به من أثق به خبراً يقارب العيان والله الموفق" بەمەش ژیاننامەکەی بۆتە یاداشتنامە لە پێنج ساڵی کۆتایی.
- یادتشتەکان زۆرینەی لەسەردەمی جەنگی خاچ دروشمان دەرکەوتووە ئەمەش بە رێکەوت نەبووە بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختە بووە کە رووبەرووی جیهانی ئیسامی بۆتەوە لەم کاتەدا

- کتێبی (الاعتبار) بەیەکێك لە بەناوبانگترین کتێبەکانی (ئوسامەی کوڕی منقذ) ئەژمار دەکرێت کە ووردەکاری ژیانی خۆی و باوکی لەخۆ دەگرێت، هەروەها زۆرێکیش لەو ڕووداوانە پەیوەندی هەیە بە خۆی و خێزانەکەی، باس لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ میرەکانی دیمەشق دەکا، بەمەش بەیەکێك لەو کتێبە ناوازانە دادەنرێت کە لەبابەت یادەوەریاکانەوە نووسرابێتەوە.
- تەنانەت (ئوسامەی کوری منقذ) ناو بانگێکی گەورەی بەدەست هێنا بەهۆی کتێبی (الاعتبار) لەنێو شارستانیەتی ئیسلامی، نەك تەنها لەلایەنی جوگرافی، بەڵکو لایەنی مێژوویی و ئەدەبیشی فەرامۆش نەکردووە و لەم کتێبە باسی لە دیاردەو تایەتمەندیەکانی شارستانیەتی ئیسلامی کردووە و زۆر بەوردی باسی لە گەشتەکانی خۆی کردووە، کە ئەمە بەڵگەیە لەسەر بوونی ڕۆشنبیرێکی فراوان لای ئوسامە، وەهەندێکی تریشی لەدەمی باوکی و مامەیەوە بیستویەتی کە ئەوان خۆیان شایەتحاڵ بوون لەسەر ئەو ڕووداوانە، هەندێکی تریشی لە میرو پاشاکانی، موسوڵمان و خاچیەکانی بیستووە کە توانیویەتی پەیوەندیان لەگەڵ بکات، وەبەهۆی ئەوەی کە ئوسامە نزیکەی سەدەیەك ژیاوە، بەشێوەیەك لەشێوەکان شایەتحاڵە بووە لەسەر زۆربەی ئەو ڕووداوانەی کەلەڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە سەدەی (شەشەمی کۆچی/ دوانزەیەمی زاینی) دا ڕوویان داوە.

# کتیبەکانی فتوحات

- که گرنگی ده ده ن به فتوحاتی ناوچه کان وه ك کتیبي( فتوح مصر والمغرب والأندلس)ی ابن عبدالحکم (ت ۲۵۷)
- و (فتوح البلدان)ی البلاذری(۲۷۹) و (فتوح الشام)ی واقیدی (ت ۲۰۷)

# ژیان ڕێبازی نووسینی البلاذری:

**1/ ژیانی البلاذری:**

**أبو الحسن أحمد بن يحيى بن جابر بن داود** مێژوو نووس، ڕەگەزناس، شاعیر . بە البلاذری ناسراوە. البلاذری جۆرە نەباتێکە لەبنەرەتدا لە هیند گەشە دەکات یارمەتی بەهێزکردنی زاکیرە دەدات، بەڵام زیاد خواردنی کاریگەری خراپی دەبێت. دەگوترێت ئەم جۆرە نەباتە کاریگەری خراپی کردۆتە سەری و لەکۆتاییەکانی تەمەنی لە بیمارستان داخل کراوە بۆ وەرگرتنی چارەسەر هەرچەندە زانیاری تەواو لەسەر ساڵی لە دایکبوونی نییە، لەسەدەی دووی کۆچی لەبەغدا لەدایکبووە هەروەها لەسەر ساڵی مردنی بەهەمان شێوە ناروونییەك هەیە، دەگوترێت لە کۆتاییەکانی خەلافەتی المعتمد(256- 279ك/ 870- 892ز) دا مردووە . واتە سالی 279ك بەسالی مردنی دادەنرێت.

- ناونیشانی کتێبەکە(فتوح البلدان):
البلاذری سەرکەوتووبوو لە دیاری کردنی ناونیشانی کتێبەکەی بەناوی (فتوح البلدان)، کەباس لە فتوحاتی ناوچەو هەرێمەکان دەکات، ناونیشانەکە تەواو گوزارشت لەناوەڕۆکەکەی دەکات. زۆر گرنگە ناونیشان لەگەڵ ناوەڕۆك یەك بگرێتەوە.
- ئەوەی تێبینی دەکرێت البلاذری مەبەست و ئامانجی خۆی لە نووسینی کتێبەکەی باس نەکردووە، وەکو مێژوونووسانی هاوچەرخی خۆی. بەڵام لەکاتی خویندنەوەی کتێبەکەی تیدەگەین بایەخدانی بەمێژوو کە رەنگە بایەخی لێکۆڵینەوەو زانینی مێژووی وڵاتانی لەلاگرنگ بوەو بۆئەوەی بیان زانی.

کتێبەکە لە پێشەکییەکی 9 لاپەرەیی بۆ نووسراوە.
پاشان لە کۆچکردن لەشاری مەکەوە بۆ مەدینە دەست پێدەکات، پاشان ئەموالی بنی نضیرو بنی قریضەو خەیبەرو فەدەك و ...هتد. باس دەکات بەو (تسلسل)ە.

- ئەگەر تەماشای ناوەڕۆکی کتێبەکەی بکەین بەسەر (89) بابەت دابەشی کردوە، (74) تایبەتە بە فتوحاتی و ناوچەو هەرێمەکان. (15) بابەتی تایبەتە بەبابەتی ڕۆشنبیری و ئابوری و ئیداری و عمرانی و جوگرافیاو کۆمەڵایەتی و فقهی
- البلاذری مەنهەجێکی بابەتی بەشێوەی تەرتیبی روداوەکان هەڵبژاردوە.
هەروەها رەچاوی باسی شوێن و ناوچەو هەرێمەکانیشی کردوە بەو شێوەیەی کەیەکەمجار کام ناوچە فەتح کراوەو لەو بوارەدا سەرکەوتووبوە.
بایەخ بەکات و شوێن و رووداوە مێژوویەکان و کام سەرکردەو لەسەردەمی کام خەلیفە و ساڵی چەند بەئاشتی یان بەشەڕ فەتح کراوە، هەروەها باسی سەرکردەی یەکەمی هەردولاو شوێنی شەڕەکان و ژمارەی سەربازەکان و نێردراوی نێوان موسڵمانان و بەرامبەرەکەیان دەکات، باسی جۆری چەك و ئەو ئاژەڵانەش دەکات کە لەشەرەکان بەکار هاتوون، وە باسی کۆتایی هاتنی شەرەکان و ژمارەی کوژراوەکانیش دەکاتن و تەنانەت باسی شەڕی دەریایی کردوە، هەروەها سەرکەوتووبوە لەباسکردنی تەسەلسولی رووداوەکاندا

- بۆ هەر بابەتێك ناونیشانی دانایە ئەمەش بۆ خویندنەوە خۆشترو ئاسانترە، بەجورێك ڕووداوەکانی لەیەکتر جیا کردۆتەوە، ئاسانکاری کردوە بۆ خوێنەر بچێتە سەر ئەو بابەتەی کە دەیەوێت. هەروەها ناونیشانی تایبەت دەدات بەو ناوچەو هەرێمانەی کە فەتح کراون بۆ نمونە فەتحی هەرێمی جەزیرە، ئەگەر بتەویت فتوحاتی ناوچە کوردیەکان وەرگری لەکتێبی فتوح البلدان کارئاسانییەکی باشت بۆ دەکات دەتوانی تەنها ئەو لاپەڕانە وەربگری کەباس لەناوچە کوردییەکان دەکات.
- بەڵام تەوازن لەنێوان بابەتەکاندا نییە، لەباسکردنی فتوحاتی هەرێمەکان هەندێك ناوچە ژمارەی زۆرتری لاپەرە بردوە، بەڵام ئەوە کێشە بۆ مەنهەجەکەی دروست ناکات، چونکە هەندێك ناوچە قورسترو عنوەتەن خۆیان داوەتە دەستەوە. واتە دەستەو یەخەبوون و مقاوەمەتو بەرگری هەبووە.

- زۆر باس و بابەتی تری گرنگی باس کردوە وەکو خەراج و جزیەو صەدەقات.
لەرووی جوگرافیەوە گرنگی بەشوێنە جوگرافییەکان و ڕووبارو ڕێگاو بازارەکانیش داوە.
لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە باسی دانیشتوان و هۆزەکانی کردوە، ناوی شارو ناوچەو ڕێگاو ڕووبارەکانی هێناوە.
هەروەها لەرووی معمارییەوە گرنگی زۆری بەبینای مزگەوتەکان و قەڵاو کۆشك و قەبرەکان شوراکانداوە.
لەرووی ئیداریەوە باسی والی و کاربەدەستەکانی شارەکانی کردوە وەکو شورتەو دیوان و کۆکەرەوەی باج و صەدەقات.
لەرووی ئابورییەوە باسی کێشان و پیوان و دراوەکانی کردوە.

# کتیبه کانی ره چه له ك

- گرنگیدانی عەرەب لە پیش ئیسلامدا بە رەچەلەکیان دوای فتوحاتی یەکەم زیادی کرد لەبەر چه ند پالنه ریکی کاریگیری وه ك ریکخستنی بە خشش لەسەردەمی عومەری کوری خه تتاب و نیشته جی کردنی هوزه کان له شاره نویکاندا .
- هه روه ك له سه رده می ئومەویدا گرنگیدان به ره چه له ك زیادی کرد. له دیارترین رەگەزناسه عیراقیه کان موحه مه دی کوری سائیبی که لبی (ت ١٤٦ك) نووسه ری کتیبي (جمهرة النسب) مصعب زبیری (ت) (٢٣٦) نووسه ری کتیبی (نسب قریش)

# میژووه ناوچه ییه کان

- ئه و زانراوه میژووییانه بوون که تایبه ت بوون به میژووی ناوچه یه کی دیاری کراو و ورده کاری زوری ده هینا له ناودارترینیان (ولاة مصر وقضاتها)ی نه بو یوسفی که ندی (ت ٣٥٠ك) کتیبی (تاریخ بغداد)ی خه تیبی به غدادی (ت ٤٦٢ك)، (تاریخ دمشقی) ابن عه ساکیر (ت ٥٧١ك) که هه شتا به رگه کتیبی،(البیان المغرب في ملوك مصر والقاهرة)ی ابن تغری بردی (ت ٨٧٤ك).

# زانستی جوگرافیا

- موسلمانان چه ندین ناویان به کارهیناوه بۆ زانستی جوگرافیا، زانستی (تقويم البلدان) (المسالك والممالك) (مسالك البلدان والأمصار) (الأطوال والأعراض).
- عه ره ب له پیش ئیسلامدا بری گرنگیان ده دا به زانستی جوگرافیا و بنه ما گه ردونیه کانیان ده زانین ئەم گرنگیپیدانه ش له به ر دوو هوکار بوو.
- یه که م ژیانی کوچ و گواستنەوە: پیویستی ئەوە هه بوو زه وی ئالف و گژوگیا و ئاوو رێی به ره و ئەوێ بزانن.
- دووه م سه رقالی هه ندیکیان به بازرگانی که ئەوەی دەخواست رێی بازرگانی و جوگرافیای ئەو ناوچانه بزانن که تیایدا بازرگانی ده که ن.

موسلمانان گرنگی زانستی جوگرافییان دەزانی بویە بە رەبە رە گرنگی پێدانی زیادی دە کرد تا بوو بە یە کی لە زانستە هە رە گرنگە کان لای موسلمانان نە مە ش لە بە ر چە ند هۆکارێك:

- 1- ئاایینی ئیسلام گرنگترین پالنە ر بوو بو گرنگیدان بە جوگرافیا تا ئاراستە قیبلە لە ولاتە ئیسلامیە جیاجیاکاندا دیاری بکری و کاتی نویژو روژوو دیاری بکری، بو ئەمەش دە بوو هیلە کانی پانی و دریژی یان بزانیبا و لیکولینە وە یان بکردایە لە زانستی گە ردووناسی

- ٢- حە جکردن بو مە ککە کە لە هە موو ناوچە کانە وە سالانە دە چوون بوی ئەمەش دەبوو شارەزای جوگرافی لە گە لدا بووایە .تا ڕێ و رێگە و ناوچە کان بزانن بە مە چالاکی گە شتی حە ج و گە شتی تریش چالاک بوو.

- 3- پیویستی موسلمانان بە زانینی سروشتی ئەو ناوچانەی دە ولە تی ئیسلامی پییان دە گە یشت، ئەمە خە لیفە و فەرمانرەواو سە رکردەکانی هاندا تا گرنگی بدە ن بەزانستی جوگرافیا تا ناوچە کانی دەولەتەکەیان بزانن و بزانن لە کویوە بۆی دە چن تا پە یوە ندییان لە گە لیاندا هە بێ هەروەها بزانن بەرهەمی چە ندە و باری دانیشتوانی چونە و بازرگانی ئەوی چۆنە و چۆن کاروباری خەراج و زەکات و ویستگەی پوستە و ناوچەکانی دیاری بکە ن

- 4- حه زی زانایانی موسلمان به زیاده به خشی له زانسته ئیسلامیه کاندا هانی ده دان تا بو زانستخوازی بچن بو ناوچه و پایته خته کانی روشنبیری ئیسلامی و باری خه لك و داب و نەریتی ئه و خه لکه بزانن و له پشت ئەمه وه مه عریفه زیاتر وه ربگرن و خزمه تی زانست بکه ن و نه زانراوه کان ئاشکرا بکه ن
- ئیتر نه ریتی چه سپاوی ئه وکات جیهانی ئیسلامی وابوو زانستخواز ته نها به خویندن له به رده م ماموستای ولاتی خویدا نه وه ستی به لکو ده بوو کوچ بکات بو ناوچه جیاجیاکان تا لای زاناکانی ئه ویش بخوینی و زانستیان لی وه ربگری
- ئه مه ویرای گه شته بازرگانیه کانی ناوخوو ده ره وه ی جیهانی ئیسلامی موسلمانان چالاکی بازرگانییان ده گه یانده چین و ناوه راستی ئه فریقا و هیند و روژهه لاتی ئەفریقا، سه قامگیری دولەت و بالاوبوونەوەی ئاسایش له و ناوچانه دا هاریکاری گەشتەکان بوو، هه موو ئەمانه ئەوەیان دەخواست زانیاری ورد بزانن له سەر ناوچه نائیسلامیه کان

- 5- پیویستی موسلمانان بە زانینی زانیاری ورد لەسەر ولاتانی نائیسلامی بە تایبەت ناوچە دراوسێکان ئەو زانیاریانەشیان لە ڕێی وەفدو بالویزە کان وە وە ردە گرت، یان لة رێی گەشتیار و بازرگانە بیانیە کان و دیلە کانی جە نگە وە تە و زانیاریانە یان وە ردە گرتن.
- 6- جوگرافیناسە موسلمانە کان کتیبە و وەگیراوەکانی بواری جوگرافیا و گەردووناسییان لە بە ردەست بوو کە وەردە گێرانە سەر زمانی عە رە بی، دیارترینیان (السند هند) (المجسطي)،
- (المدخل لعلم الجغرافيا) کە بەتلیموس (ت 168) جوگرافیناسی یونانی نووسیبووی

# په ره سه ندنی زانستی جوگرافیا لای موسلمانان و ناودارترین ریبازه جوگرافیه ئیسلامیه کانی

- موسلمانان له کاتی دەولەتی عەباسیدا نووسینەکانی بەتلیمۆسیان لەبەردەستدا بوون دوای ئەوەی وەرگیردرانە سەر زمانی عەرەبی
- لەو هەلانەی کە موسلمانان راستیان کردەوە مەسەلەی خرێتی زەوی بوو چەندین جوگرافیناسی موسلمان ئە م راستیە یان وتووە لە وانە (ابن خردادبە) (ابن رستە)(مسعودی)(ئیدریسی)
- (ابن رستە) جەخت لەوە دەکاتەوە کە تیشکی خور لە یەك کاتدا ناگات بە هە موو ناوچە کانی جیهان و لە پیش بەشی روژئاوادا بەر بەشی روژهەلات دەکەوی ئەگە ر لە روژئاوا ئاوابوو ئەوە لە روژهەلات پرشنگ دەدات
- ئیدریسی یەکەم کەس بوو نەخشەی رووی زەوی بۆپاشای صقلیە کیشا .بە هۆی بروابوونی موسلمانان بە خریتی زە وی و فراوانبوونی بەکارهینانی ئامیری (بوصلة) ئە وان یەکەم کەس بوون هەولیانادا بە دە وری زە ویدا بسورینەوە، شارە زاییان لە جوگرافیای وە سفیدا لە باس نە دە هات بە جۆری زور زیاتر بوو لە شارە زایی جوگرافیناسانی یونان و هیندو سریان

# سه باره ت به دیارترین ریبازه جوگرافیه ئیسلامیه کان بریتین له :

- کتیبەکانی جوگرافیای گشتی:
- ئەمە ئەو دانراوانەن کە نووسەرانیان وەسفی گشتگیری جیهانی ئیسلامی ده كه ن وه ك کتیبی (المسالك والممالك)(ابن خراداذبه ت٢٨٠) کە تیایدا سەرژمیری کۆکردنەوەی زەکات و خەراج و باسی رێگە و مەوداکانی ناو دەولە تی عەبباسی دەکات.
- کتێبی (صوره الارض)ی (ابن حوقل ت ٣٦٧ك)،و (أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم)ی(المقدسی ت ٣٨٠) کە زوربه ی ناوچه کانی جیهانی ئیسلام گه راوه و دووربین و وردبین به وه، کتیبی (البلدان)ی یعقوبی

# کتێبەکانی جوگرافیای تایبە ت

- ئەمانە گرنگی دەدەن بە ناوچەیەکی دیاریکراو یان شاریکی تایبەت وەك کتێبی (صفة جزيرة العربی)همدانی (ت ٣٣٤ك).کتێبیکە وە سفی نیمچە دوورگە ی عە رە بی و ناوچە و شاخ و شارو زمان و کشتوکالی دە کات.
- کتێبی (أخبار مكة)ی ازرقی
- کتێبی (تحقيق ماللهند)ی بیروونی کە یە کیکە لە گرنگترین کتێبە کان لە سە ر هند.

# کتیبەکانی فەرهەنگی و جوگرافی:

- ئەمانە گرنگی دەدەن بەهینانی ناوی ناوچەکان و زانیاری  لە سە ریان بە پیی پیتی ئەبجەدی لە نموونە ی ئەم جورۆش کتێبی (معجم ما استعجم من أسماء البلاد والمواضع)ی بە کری ئەندەلوسی (ت ٤٨٧) بە یە کە م فە رهە نگی جوگرافی عە رە بی دادەنری کە جە خت دە کاتە وە سە ر نیمچە دورگە ی عەرەبی نووسەرەکەی هیچ گە شتێکی نەکردووە و لە ئەندەلوس دە رنەچووە چونکە لە کتیبەکەیدا جە ختی کردووەتەوە سەر نوسینەکانی جوگرافیناسەکانی پیشتر.
- کتیبی (معجم البلدان)ی یاقووتی حە مە وی.
- ابن رستە ش (ت) ٣٠٠ك لە کوتاییە کانی سە دە ی سییە می کوچیدا کتیبی(الأعلاق النفسیة)ی داناوە کە فەرهەنگیکی جوگرافیە لە چەند بەرگیکدا ئەمەی دانا بۆ خزمەتی نووسە رانی دیوانەکان و چە ند زانیاریە کی میژوویی و جوگرافی لە خودە گرێ
- محمد بن عبد المنعم الحمیري ئەندەلوسی(ت ٨٦٦)فە رهە نگیکی گرنگی جوگرافی داناو ناوی نا (الروض المعطار في خیر الأقطار).

# کتێبەکانی موسووعە جوگرافیەکان

ئەمە نووسینە گشتگیرەکانن لە سەر مەسەلە جوگرافی و کومەلایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و وەصفیەکان ویرای لە خوگرتنی چە ندین زانیاری میژوویی لە وانە

(موسوعة مسالك الأبصار في ممالك الأمصار)ی ابن فضل الله عمری (ت ٧٤٨ك) سوودی بینی لە سە رقالی خیزانەکەی لە کارگیری پوستەی مەملوکیدا ئەمە ریخوشکەر بوو بۆی تا روشنبیری جوگرافی و زانیاری ڕێ و مەوداو و ڕێرەوەکان لە بە ردە ستیدا بی.

# کتیبەکانی مەوسوعه جوگرافی میژوویيه کان

- ئەمانه تویژینەوەن له میژوو و تیایدا زانیاری گرنگی جوگرافی له خوده گرن گرنگترینیان کتیبی (نهاية الأرب في فنون الأدبي)ی النویری (ت ٧٣٣) که مه وسوعه یه کی میژوویی جوگرافی ئەدەبی گشتگیره
- کتیبی (صبح الأعشى في كتابة الأنشا)ی قلقشندی (ت ٨٢١) زانیاری له سه ر کات و ماوه و زه وی و شیوه و هه ریمه سروشتیه کانی له خوده گری
- کتیبي (المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار) که ناسراوه به (الخطط المقريزية) له نووسینی مقریزی (ت ٨٤٥ك) تیایدا گرنگی داوه به جوگرافیای میسروبنیادنانی و شوین و پیگه و ئابوری و به رهه مه کانی.

# کتیبەکانی گەشتەکان

- گە شتە کان بە سە رچاوە یە کی گرنگ دادە نرین بو تویژینە جوگرافی و میژوویی و کومە لایەتیەکان، تێبینی ئەوە دەکەین گەشتەکان مۆرکێکی مەغریبیان هەیە بۆیە زۆربەی گەشتەکان و نووسەرەکانیان مەغریبی بوون یان ئەندە لوسی بوون چونکە هاتوون بۆ مەککە و مە دینە بۆ حەجکردن، زوریان فیقهناس و زاناو کە سی جوگرافیناس بوون ئیتر روانینی وەصفی زانستی خویان بو ناوچە کانی سەر رێیان بۆ تۆمار کردوین

- له دیارترین گه شتیاره كان احمدی كوری فضلان (ت٣١٠) كه گەشتی كرد بۆ رووباری فولغاو ولاتی تورك ئەمەش به پێی فەرمانی خه لیفه المقتدر بوو، گه شته كه ی ناسراوه به( رسالة ابن فضلان)
- گه شتیار ابن جبیر ئەندەلوسی (ت ٦١٤) كه سێ جار گەشتی كردووه بۆ روژهەلات و گه شتێكیان سێ سالی خایاندووه چی شارو رووداو و باری سەختی سەفەری هاورێكانی دیوه تۆماری كردووه هەروەها جەنگەكانی نێوان موسلمانان و خاچپەرستانی تۆماركردووه بۆیه گەشتەكەی (رحله ابن جبیر) به كتیبیكی میژوویی و جوگرافی وئەدەبی داده نرێ.
- هه روه ها (ابن بطوطه ته نجی ت٧٧٩) كه گه راوه به ولاتانی مەغریبی ئیسلامی و میسرو شام و حیجاز و عیراق و فارس و بەحرەین و چه ند ناوچه یه كی چین و هیندو ئەفریقادا گەشتەكەی ناوناوه (تحفة النظار غرائب الأمصار وعجائب الأسفار) كه ناسراوه به رحلة ابن بطوطة ئەم گەشته بیست وحه وت سالی خایاندووه
- به كورتی نوسینه جوگرافیه كان له میژووی ئیسلامیدا به سه رچاوه یه كی گرنگ دادەنرین بۆ زانایانی میژوو و جوگرافیا و ئەدەب چونكه به شیوەكی دەربرینی بەهیزو ریكخستنی ورد نووسراون و له وینەی وینه جوگرافیەكانی زوربه ی ناوچه سەردانكراوەكانیانیدا داهینانیان كردووه و فه رهه نگی جوراو جوری جوگرافییان بۆ داناوه هەروەك هه ر له زووه وه خریتی زه وییان زانیوه و لاكانیان پیوانه كردووه و هیله كانی دریژی و پانییان دیاری كردووه و ئەستەرلاب و داهینانی تریان پیشكه ش كردووه

# کتیبه کانی میژووی گشتی

- گرنگیدانی میژوونووسان فراوان بوو و له پال ژياننامه ی و نووسینه کانی تردا نووسینی فراوانتر و گشتگیرتر ده ر که وتن که به میژووه گشتیه کان ناوده بران مه به ست نووسینی میژوو بوو به زنجیره یی به پێی سال دوای سال تیایدا میژوونووس میژووی مرۆڤايەتی ده هینا هه ر له هاتنه دنیا تا هاتنی په یامه ئاسمانیه کانی پیش ئیسلام و میژووی سرده می جاهیلی و سه رده می پیغه مبه ر و خه لیفه راشیدینه کان تا میژووی دواتری

- له ناودارترین نووسه رانی میژووی گشتی موحه ممه دی کوری جه ریری ته به ری ت (٣١٠) نوسه ری (تاريخ الرسل والملوكی ناسراو به میژووی ته به ری، کتیبی (مروج الذهب ومعادن الجوهری مه سعوودی (ت٣٤٦ك) که مورکیکی مه وسوعه یی هه‌یه کتیبی (الكامل في التاريخ)ی ابن الاثير (ت٦٣٠) که به متمانه‌ترین سه رچاوه‌کانی میژووی ئیسلامیه
- کتیبی (العبر وديوان المبتدأ والخبر في أيام العرب والعجم والبربر ومن عناصريهم من ذوي السلطان الأكبر) که ناسراوه به میژووی ئیبن خه لدون به ناوی نووسه ره که ی ئه بوزه‌ید عه بدوره حمانی کوری موحه ممه دی کوری خه لدون (ت ٨٠٨).

# فه لسه فه:

- فەلسەفە لای یونانیەکان واتای (خوشەویستی دانایی) دەگەیەنیت، بابەتەکەی گەرانەبە بوون و سروشتی مرۆڤ و ئاکاری کۆمەلایەتیدا.
- پە یرەوی فەلسەفە گەیشتنە بە مەعریفەی عە قل و دۆزینەوەی یاساکانی مەنتیق و شیوەی مشتومڕو بەڵگە و خوێندنەوە و بە ئەنجام گەیشتن.
- سەرەتاکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی لە عیراق و میسرو هیند و چیندا بووە، لە عیراق و میسرە وە فەرهەنگی فەلسەفی گوازرایە وە بۆ یونان و بەرە بەرە لە سە دە ی شە شە می پیش زاینە وە فە لسە فە لای یونانیەکان گەشەی دەسەند و هەولیدەدا راڤەیەکی گونجاو بۆ بوون و مروڤ پیشکە ش بکات.

- فه لسەفەی یونانی راستەوخۆ نەگەیشتە بە موسلمانان. چونکە موسلمانان زمانی یونانییان نە دەزانی لەبەر گرنگیدانی موسلمانان بە فه لسه فه ی یونانی مه سیحی و سریانیەکانیان راسپاردن تا وەرگیرنە سەر زمانی عه ره بی و خویشیان کەوتە لێکۆلێنەوە و شرۆڤە و راڤە و روونکردنەوەی لایەنە لێل و ناروونەکانی، بە لام موسلمانان تەنها و وەرگێر و گوازەرەوە نەبوون تا فەیلەسوفانی یونان چییان وت بیلێنەوە بەڵکو برێکی فەلسەفی تایبەت بە خۆیان بەرهەم هینا بویە لایەنەکانی بیری فەلسەفی ئیسلامی زۆر بوون
- گرنگترینیان زانستی کە لام تەسەوف و ئەخلاق، لەسەرسروشت و ئەودیو سروشت (میتا فیزیقیا) و مه عریفه و ئەخلاق نووسینی زوریان نووسی.

- موسلمانان گرنگییان نەدەدا بە بیروباوەری ناو بیری یونانی چونکە لەگەل یەکخواپەرستیدا نە دەگونجا بویە گرنگیدان بە فەلسەفەی یونانی لەسەر شیوە و مشتومرو مە نتیق وە ستا بوو.
- موسلمانان لە بەرپەرچدانەوەی راهلەیی جوولەکە و مە سیحیەکاندا سوودیان لێ وەرگرتووە ئەو گرنگیدانە بووە هۆی سەر هەلدانی زانستی کەلام کە دادەنری بە دەروازەی فەلسەفەی ئیسلامی.
- لەبەر گرنگی پایەی ئایین لە ژیانی موسلمانان و بیرکردنەوەیاندا . بۆیە زوربەی هەولی زانایانی موسلمان بۆ ئەوە بووە فەلسەفە و ئایین پیکەوە بگونجێنن، بویە موتەکەلیمە موسلمانەکان ئیمانیان بە بنەرەتی بیریان دادەناو لەوێوە بە شێوەی عەقل و مەنتیق بەرامبەر نەیارەکانیان دەوەستا، لە پیش هە موویانە وە موعتەزیلە و مە زهەبەکەیان. کە لە سەرەتاکانی سەدەی دووەم و سێیەمی کوچیدا بلاوبوویە وە.
- فە یلە سوفە موسلمانە کان کاریگە ربوون بە فە لسە فە ی کون و نویی یونانی و ڕاو بۆچوونی سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستویان دەهینا و راڤە و شروڤەیان دەکرد ئەمەش بەلگەی تیگەیشتنی تەواویان بوو بو ئەو فەلسەفەیە.

- ئەمە بووە هۆی کاریگەر بوونی ئەو فەلسەفەیە لە لئیکولینەوە و مەنهەجیەتی زانستەکاندا، ئە مە ش بە روونی لە پە یامەکانی (اخوان الصفاو خلان الوفا) دا دەردەکەوی کە دەستەیەکی نهێنی بوون لە کوتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچیدا بە هاندانی بوەیهیەکان لە بەسرە دەرکەوتن و لیکولینەوەکانی فەلسەفەی روژانی خویان ریکخستن و کاریان دە کرد لە سە ر ئەوەی فەلسەفە فێری هەمووان بکەن و پەنجاو دوو پەیامیان لە بواری بیرکاری و مە نتیق و زانستە سروشتیە کان و زانستی دە روونناسی و هە لسوکە وتدا جیهیشتووە.
- فەیلەسوفە موسلمانەکان بە دوو شیوە خزمە تیان کرد بە بیری مرویی:

- یە کە م: تیگەیشتنیان لە فەلسەفەی یونانی و شروڤەکردنیکی ورد بوی داهینانیشیان تە نها لەگەیشتن بەو ئەنجامانەی ئەوان نە بوو بە لکو لە شیوە ی خستنە رووی و مشتومر کردن لە سەری.
- دووە م: ناساندنی روژئاوای ئە وروپی بە بیری فە لسە فە ی یونانی لە ریی ئەندە لوس و صقلیە وە لە کاتی جە نگە خاچپە رستیە کاندا، ئەگەر هەولی فە یلەسوفانی موسلمان نە بووایە روژئاوا نەیاندە توانی بە ئاسانی لە و فە لسە فە یونانیە تیبگە ن کە لە عە رە بیە وەوە ریا نگیرایە سە ر زمانی لاتینی

## هـزری ئیسلامی:

ووشەی (هـزر) وەرگێڕدراوی ووشەی (فکر)ە لە زمانی عەرەبیدا.

فیکر لە سەرچاوەکانی زمانی عەرەبیدا بە چەندین شێوە مانا کراوە، یەکێك لە ماناکانی ئەوەیە کە (ئیبن مەنظور) خاوەنی[1] فەرهەنگی (لسان العرب) باسی دەکات و دەڵێت: (إعمال الخاطر في شيء) واتە مرۆڤ ئەگەر خەیاڵ و بیری بەکارهێنا بۆ هەر شتێك، ئەوە بیری کردۆتەوە و هـزری بەکارهێناوە.

که دەڵێین (هـزری ئیسلامی) واتە هەر کاتێك مسوڵمانێك لە ڕێگەی بۆچوونی زانا مسوڵمانەکانەوە بیر و سەرنجی خۆی بەکارهێنا و قووڵبوویەوە لە بابەتێکدا، پاشان ئەم بیرکردنەوە و قووڵبوونەوەی کۆکردەوە و نوسییەوە، ئەوە پێیدەوترێت هـزری ئیسلامی؛

# ڕەگەزەکانی هزری ئیسلامی:

**ڕەگەزی یەکەم**: بوونی بیرمەند و هـزروانی ئیسلامی، کەسانێك کە بیربکەنەوە و کەسانێك کە ڕێگە بدەن بە خۆیان بیربکەنەوە و پرسیار بکەن و وەڵام بۆ پرسیارەکانیان بدۆزنەوە کە بوونی مرۆڤی بیرمەندە.

**ڕەگەزی دووەم**: بریتییە لەو بوارانەی کە هـزروان (مفكر)ەکە کاری تیادا بکات، کە دەبێت ئەو بوارانە هەبن ئەوانیش بریتیین لە هەموو ئەو بوارە زیندووانەی کە ئێستا لە دونیادا پەیمانگا و زانکۆ و لقوپۆپی زانستییان لێکراوەتەوە کە گرنگترینیان لایەنی بیروباوەڕە(عقیدە) و جیهانبینییە، دۆزینەوەی پرسیارەکانی جیهان بریتییە لە چی؟ جیهان چۆن دروستبووە؟ بۆ دروستبووە؟ بەرەو کوێ دەچێت؟ کێ ئەم جیهانە بەڕێوە دەبات؟ کێ ئەو یاسایانەی داناوە کە ئەم جیهانە بەڕێوە دەبەن؟ ڕەگەزی دووەم بوارەکانی هـزرە

# سەرچاوەکانی هزری ئیسلامی

ئێمە دەتوانین سەرچاوەکانی هـزری ئیسلامی کورتبکەینەوە لە سێ جۆر سەرچاوەدا:

**سەرچاوەی یەکەم:** سرووش (وەحی)، ئەو وەحییە چ قورئانی پیرۆز بێت کە پێیدەوترێت وەحی ڕاستەوخۆ، پێشیدەوترێت وەحی (متلو ـ خوێنراوە)، لەگەڵ وەحی ناڕاستەوخۆ کە پێیدەوترێت سوننەتی پێغەمبەر (د.خ).

**سەرچاوەی دووەم:** بریتییە لە تێکۆشان و هەوڵدانی زانا مسوڵمانەکان، واتە زانا مسوڵمانەکان کاتێك کە ڕووبەڕووی واقیع دەبنەوە لەملاوە هەگبەیەك لە قورئان و سوننەیان لەبەردەستایە، دێن ڕاڤەی دەقەکان دەکەن و وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە، لە ڕاستیدا دەبن بە پردێك لە نێوان واقیعەکان و ڕاستییەکەدا، لە نێوان دەقەکان و گەلدا، کەواتە کار و بەرهەمی زانا مسوڵمانەکان سەرچاوەی دووەمە، جا ئەگەر زانا مسوڵمانەکان پێکەوە ڕێککەوتبوون لەسەر بۆچوونێك ئەوە پێیدەوترێت (إجماع)، ئەگەر ڕێکنەکەوتبوون لەسەر بناغەی بنەمایەك لە بنەما مەعقولەکان چ ئەو بنەمایە بەرژەوەندی بێت یان لەسەر بنەمای بەراوردکردن بێت، ئەوە پێیدەوترێت (اجتهاد)، کەواتە سەرچاوەی دووەم بریتییە لە (إجماع)و (اجتهاد).

Ac
Go

**سەرچاوەی سێهەم: بریتییە لە ئەزمونی مرۆڤایەتی بە گشتی:**

زاناکان، بە گشتی، شتێك بەرهەمدەهێنن کە پێیدەوترێت ئەزمونی مرۆڤایەتی، ئەزمونی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە ئێستا ئێمە ڕێگەمان پێدراوە سوود وەربگرین لە هەر شتێکی بە کەڵك، گەرچی لە گەلانی نامسوڵمانیشەوە هاتبێت، ڕەنگە لە بواری تەکنەلۆجیا یان ئابوریدابێت، لەوانەیە لە بواری پەروەردەییدا بێت، واتە فیکری ئیسلامی لە ڕاستیدا فیکرێکی کراوەیە، فیکرێك نییە داخرابێت لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی، واتە ئیسلام ڕێی نەگرتووە لە حیکمەت و سوودەکانی مرۆڤایەتی بە گشتی، لەبەر ئەوە ئێستا دەبینین زانا مسوڵمانەکان بەو عەقڵییەتەوە بە جیهاندا بڵاودەبنەوە کە سوود لە زانستی خۆرهەڵات و خۆرئاوا وەربگرن و بە ڕۆڵێکی ئیجابیانە هەستن لە کۆی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا.

Activ
Go to

# - پزیشکی

- عه ره به کان له پیش ئیسلامدا پزیشکییان هه بوو، زانیاریان له سه ر ئه زموون و تیبینی به روقیه و جادوو و نه زر پیشه که ش کردن به بته‌کانیان هه ولی چاره سه ری نه خوشییان ده داو گژوگیای بیابان و داخ کردن و خوین ده ر کردنیان به کارده هینا.
- زانیاری پزیشکی به هاتنی ئیسلام گرنگی و پایه یه کی بالای هه بوو چونکه جه سته ی به پیویست ده زانی بو به دیهینانی به خته وه ری مروف وه ك له فه رمووده ی پیغه مبه ردا هاتووه به "بەراستی جه سته ت مافی هه یه به سه رته وه"
- هه روه ك په رستشه کانی ئیسلام گرنگترین نیازی پزیشکی به دیده هینن که ئەویش پاراستنی ته ندروستی مروقه نویژو روژوو و حه ج و په رستشه کانی تر ته ندروستی و هیزو چالاکی جەسته ده پاریزن.
-

- عه ره به كان زانیاری بواری پزیشكییان له فه رهه نگی گه لانی در اوستیان وه رگرتووه وه ك حارسی كوری كلده له خویندنگه ی پزیشكی جه ندیسابوور له ئەحواز ده رچوو، نهم خویندنگه یه كیسرا نیوه ی سه ده ی شه شه می زاینیدا دروستی كرد
- بنه مای لیبووردە یی ئیسلامیه كه ڕێ ناگرێ له برین پێی و چارەسەر یان لیكولینه وه و خویندن له سه ر ده ستی پزیشكی نا موسلمان ئەمه هانده ریكی گرنگ بوو
- جا له سه رده می پیغه مبه ردا ئه و پیغه مبه ره حارسی كوری كه لده ی بانگهیشت كرد بو چاره سه ری سه عدی كوری ئەبی وه قاص له كاتیكدا حارس موسلمان نه بوو.

- دوای بلاوبوونه وه ی ئیسلام له ناوچه فه تحکراوه کان و سه قامگیر بوونی دەسەلاتی ئیسلامی تیایاندا خه لیفه کان پزیشکه ناعه ره ب و ناموسلمانه کانیان به کارده هینان و زور ریزیان لی ده نان
- موعاویه ی کوری ئه بو سوفیان ئیبن ئەسالی پزیشکی به کارده هینا هه روه ك عه بدولمه لیکی کوری ئەبجوری که نانی چاره سه ری خه لیفه عومه ری کوری عه بدولعه زیزی کرد.
- له سه رده می عه بباسیدا خه لیفه مه نسوور پزیشکیکی نەستوری له جه ندیسابووره وه بانگ کرد که ئەویش گورگیوس به ختیشوع بود تا چارەسەری بکات. حەوت نەوه لەم بنەماله یه وه ك پزیشك له کوشکی خیلافه تدا کاریان کردووه.
- هه روەك دوو پزیشکی جووله که له میسر چاره سه ری سه لاحه دینی ئەیوبیان ده کرد .

- عه ره به كان له پيش ئيسلامدا خه سته خانه و نه خوشخانه يان نه بوو.
- ئەو چادرەی پيغه مبه ر له غه زای خه نده ق لييدا بو چاره سەری برينداره موسلمانه كان به يەكەم نەخوشخانه داده نری له ئيسلامدا روفه يده ی ئەسله مى تيايدا چاره سه ری برينداره موسلمانه كانى ده كرد
- كاتى سه عدى كورى موعاز پيكرا پيغه مبه ر فه رمانى كردله و چادره دا چاره سه ر بكرى
- له سه رده مى نومه ويدا وه ليدى كورى عه بدولمه ليكى كورى مه روان (ت (٨٨) يەكەم كەس بوو نه خوشخانه يه كى تايبه تى دانا بو گولبوان و جياى كردنه وه و پزيشكى بو دانانو مووچه ى بو برينه وه هه روه ك روزى بريه وه بو كويره كان

- گرنگیدانی عه بباسیه کان به نه خوشخانه کان زور له به رچاوه خه لیفه هارونه ره شید له بەغداد نه خوشخانه یه کی دامه زراند و ناوی خوی لینا و بو سه رپه رشتی کردنی ماسەویه و جبریلی کوری به ختیشوفی دانا.
- خه لیفه موقته دیریش له به غداد نه خوشخانه یه کی دروست کرد و ناوی خوی لینا و جەراح سنانی کوری سابتی کرد به به رپرسی، فه رمانی کرد چه ند نه خوشخانه یه کی تایبه ت دروست بکرین بو به ندکراوان و که سانی شیت و پزیشکی بۆ دانان و ده رمان و خوراک و جل و به رگی بو دانان
- سه رقالبوران به پیشه ی پزیشکی له جیهانی ئیسلامیدا زیادیان کرد تا ئەوه ی له سەردەمی خه لیفه موقته دیر بیللا هدا له به غداد نزیکه ی نو سه د پزیشک بانگکران بو تاقیکردنه وه، ئەمانه جگه له و مامؤستا جی متمانانه ی که قوناغی تاقیکردنه وه یان تیپەراند بوو ئەمەش به لگه ی گرنگیدانی خه لیفه کان بووه به ته ندروستی گشتی

# له ناودارترین پزیشکه موسلمانه کان

1- ئەبو به کر موحه ممه دی کوری زه که ریای رازی (ت) (٣١٣) كه به یەکیکه له ناودارترین پزیشکه کان پوستی سه روکایه تی نه خوشخانه ی موقته دیری له به غداد گرته دەست یەکه م پزیشکی موسلمان بوو كه تیبینیه کانی له سه ر نه خوشه کان و قوناغه کانی په ره سه ندنی نه خوشیه که ی تومار ده کرد یەکەم كه س بوو وەسفی نه خوشی (الجدري)کرد

رازی زیاد له سەد کتێب و سی تویژینه وه ی له بواری پزیشکی و کیمیادا نووسی دیارترینیان (الحاوي والمنصوری) كه وەرگیرانه سەر زمانی لاتینی،

کتیبی (الأسرار) (الجامع). (رسالة في الجدري والحصبة) هینده بەسە بۆ پایه به رزی ئەو كه زانكوی برنستونی ئەمریکی ناوی ئەوی نا له گه وره ترین به شی وه ك هه میشه هیشتنەوەی باسی و داننان به گه وره یی زانستی ئەو زانایه دا

# ئه بو عه لی حوسه ینی کوری عه بدو لای کوری سینا: (ت ٤٢٨ك):

- له بوخارا وانه ی خویندو سه رقال بووه به زانستی سروشتی و ئیلاهیاته وه دواتر پزیشکی خویندو کتیبه کانی له و باره وه وەرگرت.
- چه ندین نووسینی هه یه له بواری پزیشکی و گه ردووناسی و موسیقا
- دیارترین کتیبی القانون في الطب که مه وسوعه یه کی گه وره یه و پوخته ی لوتکه ی پزیشکی ئیسلامی تو مار کردووه ئەم کتیبه وەرگیرایه سه ر زمانی لاتینی و چه ندین جار چاپ کرا
- کتیبه کانی سه رچاوه ی پشت پیبه ستراوی ناو کولیژه پزیشکیه کانی ناو ئەوروپا بوون تا سه ده ی حەڤده ی کۆچی
- ئەو یه که م که س بوو وه سفی وردو و دروستی ئیلتیهابی پەرده ی میشکی کرد هه روه ها وه سفی هوکاره کانی زه ردویی کرد. راچله کی بوکاریگه ری چاره سه ری ده روونی له چاره سه رکردندا.

# بیرکاری و ژمیریاری:

- زانستی بیرکاری له خزمه تکردنی زانسته کانی تردا رولیکی گه وره ی هه بوو و به تایبه ت له زانسته سروشتی و ئه زموونیه کاندا، بویه هه ندی جار پیی ده وتری زانستی زانسته کان.
- مروڤ هه ر له کۆنه وه نه یتوانیوه به دوور بی له زانیاری بیرکاری چونکه په یوه ندی هه بووه به ژیانی ئابووری و ئایینیشه وه.
- له دولی دوو رووباردا که پایته ختیکی کومه لگه ی مرویی بووه هه ر له سه رده مه یەکەمینەکانه وه - له وحه یه کی بیرکاری و گه ردونی دوزراوه ته وه که به نووسنی بزماری نووسراوه له نیوان سالانی (2300بۆ 1600 پ.ز)

- ئەرستو باس لە وە دە کات بیرکاری لە میسر لە دایك بووە چونکە کاهینە کان دە رفە تی چاکیان هە بوو بو لیکۆلینە وە لە بیرکاری ،هیرودوت دە گاتە ئەوەی ئە ندازیاری لە میسر دەستی پیکردووە و گوازراوە تە وە بۆ ئیغریق.
- چینی و هیندو ئیغریق و رومانە کان چە ندین جوری نووستی ژمارە یان زانیوە
- شارستانیە تی ئیسلامی کاریگە ر بووە بە ژیاری گە لانی پیشو و لە ڕێی پە یوە ندی راستە و خوو گە شتە کانە وە زانیاری ئە وانی دە ست کە وتووە
- هە روە ها لە ریی بانگهیشتی خە لیفە کانە وە کە زانایانی ئیغریقیان بانگ دە کردن و زانستە کانیان وە ردە گیرانە سەر زمانی عە رە بی
- بە م جورە روشنبیری جیهانی ئیسلامی فرە چە شن بوو و کوگای زانستی ئیغریقیان پاراست و لە نیوان زانستی هیندو ئیغریقدا تیکە لیان کرد و هە لکە وتە بوون تیایدا.
- هە روە ك موسلمانان چە ندین هە لە ی یونانییە کانیان لە زانستە کانی بیرکاری و ژمیرپارییدا راست کردە وە و زیادە کارییان بو کرد و گواستیانە وە بو روژئاواش
- گرنگی زانستە بیرکاریە کان لای موسلمانان زور بوو چونکە پە یوە ندی هە بوو بە پە یوە ندیە بازرگانیە کان و زانینی بنە رە تی ژمیریاری و ئەندازیاریە وە هە روە ك پە رستشە کان ئەوەیان دە خواست کاتی نویژ و مانگی رە مە زان و حە ج و شتانی تر بزانن هە موو ئە مانە پالنەربوون بو گە شە سە ندنی زانستی گە ردووناسی کە پیویستی هە بوو بە زانینی بیرکاری و ژمیریاری

- پوختە ی شارستانیە تی ئسلامی دوای ئە وە موسلمانان سیستمی ژمیریاری هیندی فیربوون ئەوە ی بە لە باریان زانی وە ریانگرت و پوختیان کردە وە و دوو شیوە ی جیاوازیان لی پیکهینا بو نووسینی ژمارە کان.
- ئەو دوو ریگە ش بریتی بوون لە :
- 1- ریگە ی روژهە لاتی: کە لە بە غداد پیکدە هات و کە می پە رە ی سە ند تا ژمارە کانینیستا کە لە میسر و عیراق و سوریا و لوبننان و فە لە ستین بە کاردین ئەمانە ن
- ( ١ - ٢ - ٣ - ٤ - ٥ - ٦ - ٧ - ٨ – ٩
- 2- ریگە ی روژئاوایی مە غریبی ئەمانە بە ژمارە ی غوباریش ناسراون چونکە هیندیە کان لە سە ر تۆزی بلاوکراوە لە سە ر دار و شتی تر دە یاننوسی خە لکی روژئاوای ئیسلامی بە کاریان دە هیناو لە ویوە گوازرایە وە بو ئە ورووپا و بە ژمارە عەرە بیە کان ناو د بری ئەمە ش بە پێی ژمارە ی سووچە کان ریکخرابوو، دواتر گە شە ی سەند بەم جۆرە لیهات:
- (0 - 1- 2 - 3 - 4 - 5 - 6 - 7 - 8 - 9).
- موسلمانان ژمارە ی صفریان داهینا کە بە گرنگترین هیمای ژمیریاری دادە نری کە عە قلی مرویی دە یزانی. ئەوروپا لە ریی موسلمانانە وە لە سە دە ی دوانزە ی زاینیدا صفریان وە رگرت.
- هە روە ک کە سری دە یی لای موسلمانان بوو

- له دیارترین زانایانی موسلمانی بیرکاری بریتی بوون له:
- ئەبو عه بدولا موحه ممه دی کوری مووسای خوارزمی (ت) (٢٣٢) ناسراو به (ئوستاد) مەئمون کردی به به رپرسی کتیبخانه ی به یتولحیکمه و فه رمانی پیکره کتیبی (المجسطي) به تلیموش کورت بکاتموه و ناوی نا (السند هند).
- چه ندین نووسینی هه یه له زانستی شیوه و گه ردوون و ئستەرلابی. نووسینه کانی وەرگیرانه سه ر زمانی لاتینی و روژئاوای ئه وروپی .ئەم زانایه بووصفری برده ناو ژماره ژمیریاریه وه.

# جه برو  هه نده سه

- جه بر زانستیکی به ریشه ئیسلامییه و به رهه می هه لکه وته یی موسلمانانه و به رده وام لای ئه وروپیه کان به و ناوه وه ماوه ته وه  (Algebra)
- یەکەم که س ناسرا به نووسین له و بواره داو ریکیخست خوارزمی بوو که مەئمون رایسپارد به دانانی کتیبي (حساب الجبر والمقابلة).
- ئەوروپا له سه ده ی دووەم زانستی جه بری زانی کاتی (رو به رت ئالتستور) کتیبه که ی خوارزمی وەرگیرایه سەر زمانی لاتینی.
- که رخی کتیبی (الفخري في الجبر والمقابلة) ی له سه رده می بوەیهیه کاندا نووسی

- هه نده سه
- هەندەسه له كونه وه لای بابلی و میسریه كۆنه كان هه بووه
- ئه وان به پێی زانیاری ئەوكاتی ئەندازیارییان بیناكانیان بنیاده نان
- گیرانه وه كان ئاماژه به وه ده ده ن موسلمانان ئەندازیارییان له یونانه كان وه رگرتووه كاتی كتیبه كه ی ئیقلیدسیان له سه ر ئه ندازیاری دووجار وه رگیرایه سه ر زمانی عەرەبی
- یه كه میان ناسرا به هاروونی له به ر ناوی هاروونه ره شید.
- دووه م جار ناسراوه به مەئمونی له به ر ناوی مەئمون
- چه ندین زانای موسلمان كتیبه كه یان كورت كردووه ته وه وه ك ئیبن سینا و سابتی كوری قورره و ئیبن صەلت
- له هه موو ئه و وه رگیران و كورتكردنه وانه دا به وردی له كتیبه كه كولیونه ته وه و هه له كانی كتیبه كه بیان راست كردووه ته وه و ره خنه یان لی گرتووه و زیاده كاری و داهینانیان له بواری ئەندازیاریدا كردووه هه روه ك موسلمانان ها و كیشه لاكیشه كانیان چاره سه ر كردوون و له هیلكاریه كاندا روچوون و داهینانی زور گرنگیان ئەنجامداوه له په ره سه ندنی زانسته كانی بیر كاریدا .
- له دیارترین زانایانی موسلمانی بواری ئه ندازیاری و سی گوشه كان خوارزمی و سابتی كوری قه ره ی حه رانی (ت ٢٨٨ )

- زانستی گه ردوونناسی:
- عەرەبە کونه کان گرنگییان ده دا به جووله ی ئه ستیره و هه ساره کان و په یوه ستیان ده کرد به زانینی غه یبه وه و ناویان ده نا زانستی ئەستیره ناسی (التنجيم)
- عه ره بیش له و گه لانه بوو که گرنگییان ده دا به ئه ستیره و هه ساره کان تا له شه ودا له نیو بیاباندا رێی پی بزانن وه ك چون بو رۆژژمێریان پشتیان ده به ست به خۆرومانگ.
- قورئانی پیروز و فه رمووده کانی پیغه مبه ر و له کاریگه ریه کی زوریان هه بوو لەگەشه دان به زانستی گه ردوونناسی لای موسلمانان قورئان موسلمانان هانده دات تا بیربکه نه وه له دروستکردنی ئاسمانه کان و زه وی چه ندین ئایه تی قورئانی هاتوون بەلگە ی توانای خوان له دروست کردنی ئاسمانه کان و زه ویدا وه ك( إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لِّأُولِي الألْبَاب)
- هه روه ها ( أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا ) .

- پویستی موسلمانان به دیاریکردنی کاتی نویژو به دواداچوونی مانگ بو دیاریکردنی سه ره تای مانگی ره مه زان و حه ج هاریکار بوو بو گه شه سه ندنی زانستی گه ردوون وئەستیره ناسی و ئەوه شیان به رپه رچ ده دایه وه هیچ په یوه ندیه ك هه بیت له نیوان جووله ی هه ساره كان و مروڤ و كاریگه رییان له چاكه و خراپه بو مروڤ
- به لام هه ندی فه رمانره وای موسلمان بروایان هه بوو به ته نجیم و كه سانی فالچییان له خو نزیك ده كردنه وه.

خه لیفه ئەبو جه عفه ری مه نسوری عه بباسی گرنگیدا به زانستی گه ردووناسی له سالی ١٥٦ كوچیدا زانایه كی هیند كه گرنگی ده دا به جووله ی هه ساره كان و زانستی گه ردووناسی هات بولای و كتیبی (السند هند)ی پی بوو واته كتيبي (المعرفة بواسطة الشمس)، مه نسور خیرا موحه ممه دی كوری ئیبراهیمی فه زاری راسپارد تا وه ریبگیریته سه ر زمانی عه ره بی و تا سه رده می مەئمون كاری پیده كرا.

- هه روه ك خه ليفه مه‌ئمون گرنگی ده دا به زانستی گه ردوونناسی له ریی وه رگیرانی چه ندین كتیب له سه ر گه ردوونناسی له سه رده می ئه‌مدا زانا موسلمانه گه ردوونناسه كان هه ولیكی زوریان به خه رج ده دا و ئامیری گه ردوونی وه ك مه رصه دو خشته ی بیركاری و ئه‌سته رلاب و شتی تریان به كارده هینا
- له به غداد خه لیفه مه‌ئمون مه رصه دیكی گه ردوونی بۆ به یتولحیكمه زیاد كردو له دیمه شقیش ها و شیوه ی ئه‌وه ی دروست كرد چه ندین ئامیریان تیدا بوو، له وانه پیوه ری به رزی و سه ته رلاب و چاویلكه ی دووربینی هه روه ك له حه ران و سه‌مه‌رقه‌ندو ئه‌صفه هان و قاهیره وئه‌نده لوس ئامیره گه ردوونیه كان بلاوبوونه وه.

- زانا موسلمانه کان ئەستەرلابیان به کارده هینا ئەمه ش وشه یه کی ئیغریقیه به واتای ئاوینه ی ئه ستیره کان یان ئاوینه ی هه ساره کان دیت.
- زانایان  له حساب کردنی کات و دووری له هیلی ناوه راستی زه وی به کاریان دەهێنا
- ده ریاوانه کانیش بو زانینی ئاراسته یان له ده ریادا سوودییان لی وه رده گرت
- ئه بو ئیسحاق موحه ممه دی کوری ئیبراهیمی کوری حه بیبی فه زاری به یه که م که سداده نری له ئیسلامدا ئه ستە ر لابی دانا
- ئه حمه دی کوری موحه ممه دی صاغانی (ت (٣٧٩) له دروستکردنی ئه سته ر لابدا هه لکه وته بود و ئامیره کانی وردی و پیشکه وتوویان هه بوو